# کورد و پلانسازیی زمان

م.ی خۆشناو عەزیز حەمەئەمین
فاکەڵتیی پەروەردەی بنەڕەت
زانکۆی ڕاپەڕین

پ.ی. د. عومەر مەحموود کەریم
فاکەڵتیی پەروەردە
زانکۆی کۆیە

## پێشەکی

**ناونیشانی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (کورد و پلانسازیی زمان)ە، هەوڵێکە بۆ نیشاندان و خستنەڕووی سیاسەتی زمانی و پلانسازیی زمان، لەگەڵ چۆنیەتی چارەسەرکردنی هەندێک لە ئاریشەکانی زمانی کوردی، بە تایبەتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، کە زەمینەی مێژوویی و سیاسیی لە ناوچەکانی دیکە لە بارتر و گونجاوترە.

**بواری توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات، چەمکی سیاسەتی زمانی و پلانی زمان بخاتەڕوو، دواتر پراکتیکییانە بەپێی پلانسازیی زمان، باسی چارەسەری هەندێک لە گرفت و ئاریشەکانی زمانی کوردی بکات، بەو واتایەی توێژینەوەکە تایبەتە بە پێشنیازی پێڕەوکردنی سیاسەتێکی زمانی لە باشووری کوردستاندا.

**هۆی هەڵبژاردن و گرنگیی توێژینەوەکە:**

سیاسەت و پلانی زمانی، وەک بابەتێکی زیندوو و پێویستی سەردەم جێگەی مشتومڕ و باسێکی زۆرە لە لای زمانناسان و شارەزایانی زمانەوە، هەروەها بوار و لایەنەکانی ئەم بابەتەش لە چوارچێوەی بابەتی سەربەخۆی تایبەتدا بە زمانی کوردی بەرچاوناکەوێت، بۆیە ئێمە ویستمان لەبەر گرنگی و بایەخی بابەتەکە توێژینەوەیەکی زانستی لەسەر بکرێت و، بکرێتە دەروازە و سەرەتایەک بۆ توێژینەوەکانی داهاتوو.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:**

ئەو ڕێبازەی لەم توێژینەوەیەدا بۆ شیکردنەوەی بابەتەکان و نیشاندانی گفرتەکانی زمانی کوردی پشتی پێ بەستراوە ڕێبازی شیکاریی پەسنکەرانە (وەسفی)یە.

**پلانی توێژینەوەکە:**
توێژینەوەکە لە پێشەکییەک و دەروازەیەک و دوو تەوەرە پێکهاتووە:
دەروازەکە: سەرەتا و دەستپێکە بۆ چوونە نێو باسەکەوە، تەوەرەی یەکەم: تیۆرییە، کە تێیدا چەمکی سیاسەتی زمان و، پلانی زمانی و مێژوو و بنەما و جۆر و هۆکارەکانی سەرخستنی ڕوونکراونەتەوە، هەرچی تەوەرەی دووەمیشە، ئەوا پراکتیکییە، تێیدا بە پێی پلانسازیی زمان باسی ئامانجەکانی پلانسازیی زمان و، چارەسەرکردنی گرفتەکانی زمانی کوردی لە ڕووی ئەلفبێ و فەرهەنگ و زاراوەسازی و زمانی ستاندارد و پاککردنەوەی ژینگەی زمانییەوە کراوە.
لە کۆتاییشدا ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی توێژینەوەکە، لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان و پوختەی باسەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.
**دەستپێک و دەروازە:**
زمان لە ژیانی نەتەوەکانی سەر ڕووی زەویدا، ڕۆڵێکی گەورە و گران دەبینێت، هەموو نەتەوەیەکی سەر ڕووی زەویش لە هەموو شتەکان زۆرتر و باشتر بە هۆی زمانەکەیەوە دەناسرێت، چونکە نەتەوە لەسەر چەند کۆڵەگە و بنەمایەک دەوەستێت، یا بنیات دەنرێت، لە گرنگترین کۆڵەگە و بنەماکانیش زمانە، ئایۆدیۆلۆژیا و فەلسەفەی ((ناسۆنالیزم، زوان بە یەکێک لە کوچکەکانی سەرهەڵدانی نەتەوە و ژێرخانی پێکهاتەی کۆمەڵگا دەزانێ)) (خۆشحاڵی، ٢٠٠٨ : ٢٢)، لای ئەوان زمان یەکێکە لە مەرجە هەرە سەرەکییەکانی دروستبوونی نەتەوە و دەوڵەت، لەبەر ئەوەی هیچ میللەت و گەلێک لەم جیهانەدا بێ زمان نەبووە و نییە و نابێت، ئەو نەتەوەیەی خاوەنی زمانێکی تایبەتی خۆی نەبێت، بە نەتەوە هەژمار ناکرێت، ئەوەتا لە بارەی گرنگی زمانەوە مێژوونووسی فەڕەنسی (فێرمان برادێل)، دەڵێت: "نەتەوەی فەڕەنسی یانی زمانی فەڕەنسی"، جا ئەگەر لە ئەوروپا ناسنامەی نەتەوەیی یەکسان بێت بە زمان، ئەی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، کە دەوڵەتان بە تایبەتی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان لەسەر حاشالێکردنی نەتەوەکانی دیکەی وەکو کورد بنیات ناوە، زمان دەبێت چەند گرنگ بێت (ئەحمەد زادە، ٢٠١٢ : ٢٥١)، ئەمە لە کاتێکدا داگیرکەرانی کوردستان سیاسەتی زمانکوژیان دژی کورد بەکارهێناوە، بە تایبەتیش لە

باکوردی کوردستاندا، چونکه لەوە تێگەیشتوون زمانی کوردی کۆڵەگە سەرەکییەکەی نەتەوەی کوردە، بۆیە کورد دەبێت سیاسەتی زمانی هەبێت و، ئەم سیاسەتەش لە پلانێکی تۆکمەدا بەرجەستە بکات.
زمان ڕوح و گیانی نەتەوەیە، تەنانەت زۆرجار پرسی زمان، ئەگەر لە پرسی خاک زیاتر نەبێت کەمتر نییە، بۆیە پاراستنی زمانی نەتەوەیی، پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییە، هەر لەبەر ئەو گرنگییەی زمانە، دەبینین دەوڵەتان و نەتەوەکان گرنگیی زۆر بە زمان دەدەن و هەمیشە هەوڵدەدەن زمانەکانیان پێشبخەن و ئاریشە و گرفتەکانی چارەسەر بکەن، چونکە هەروەک (ئێمیل سیۆران)ی فەیلەسوف، دەڵێت: "مرۆڤ نیشتەجێی زمانە، نەک وڵات" (سابیر، ٢٠٠٨ : ٧)، چونکە زمان تەنیا پێکنەهاتووە ((لەو وشانەی کە لە هەمبانەدان، یان ئەو ڕستانەی کە جیهانی هزر و هەستی ئاخێوەرانی دەردەبڕن، بەڵکو لەوەش زیاتر بریتیشە لەو کولتور و فەرهەنگەی کە سروشت و کارکردنی ئەو زمانە شانبەشان و وێڕای وشە و ڕستە و چەمک و واتاکانی بەرهەمی دێنێ)) (یەعقوبی، ٢٠٠٨ : ٣٥).
ژمارەی زمانەکانی جیهان ئەمڕۆکە هەندێک لە شارەزایان بە زیاتر لە سێ هەزار زمانیان دادەنێن، هەندێکی دیکەش دەڵێن: نزیکەی شەش هەزار زمان و بگرە زیاتریش هەیە، بەو واتایەی ڕایەکی جێگیر لە بارەی ژمارەی زمانەکانی جیهان لەبەردەستدا نییە، لە نێو ئەو زمانانەشدا زمان هەیە بە سەدان ملیۆن کەس قسەی پێدەکەن، زمانیش هەیە چەند کەسێک قسەی پێدەکەن، هەروەها مەرج نییە، هەموو زمانەکانیش، زمانی ئاخاوتن و نووسین بن، بەڵکو هەیانە زمانی نووسینیان نییە، تەنیا زمانی ئاخاوتنیان هەیە (عەزیز، ٢٠٠٥ : ٢٠)، هەروەها زمانیش هەیە پتر لە زمانەکانی دیکە لە کاروباری بازرگانی و ئابوری و دبلۆماسی و ئەلکترۆنی و نێودەوڵەتیدا بەکاردێت، یان زۆرتر لە زمانێکی دیکە خزمەت کراوە، بۆیە ئەگەر بمانەوێت پێگەی زمانی کوردی لە نێو زمانەکاندا بزانین، ئەوا دەبێت بەر لە هەر شت بارودۆخی تایبەتی کورد و شەڕ و داگیرکارییە نێوخۆیی و دەرەکییەکان و دابەشبوونی کوردستان بە سەر چوار پارچەدا، لەگەڵ نەبوونی ئامارێکی دروست لە بارەی ژمارەی کورد و قسەپێکەرانی زمانی کوردییەوە لە بەرچاو بگرین، کە ئەمانە زۆرجار بوونەتە هۆی ئەوەی، سەرچاوە بیانییەکان ڕاستەوخۆ ئاماژە بە ڕیزبەندیی زمانی کوردی لە نێو زمانەکانی جیهان

نەکەن (هارمــان، ٢٠٠٦ :١٥٠)، (اوســتلر، ٢٠١١ : ٧١٤)، بەڵام لە ئێســتادا یونسکۆ زمانی کوردی بە زمانێکی هیندۆ ـ ئیرانی داناوە، کە یەکێکە لە لقە گەورە گرنگەکــانی خێزانــی هینــدۆئەوروپی، کە بە گەورەتــرین و پــان و بەرینترین خێزانە زمانی جیهان هەژمار دەکرێت، بەڵام پێویستە لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە هیندۆ ـ ئێرانی یا زمانەکانی ئیرانی و زمانە ئیرانییەکان، بەکارهێنانی ئێران تێیاندا زۆرجار وا لێک دەدرێتەوە، کە مەبەست زمانی وڵات و دەوڵەتی ئێرانی واتە (فارسی)یە، کەچی لە بنەڕەتدا زاراوەی (ئێران) بە شێوە کۆنەکەی بە مانای (ئاریانا) هاتووە، کە لەسەرەتادا (فارس)ی نەگرتــووەتەوە، بــۆیە هەمــوو ئەوانەن نــاوێکن بــۆ دەســتەیەک لە زمــانە هیندۆئەوروپییەکان، کە زمانەکانی: کوردی، ئەفغانی، تاجیکی... و لە زمانە کۆنەکانیش: ئاوێستا و سوغدی و خوارەزمی و... گەلێکی دیکە دەگرێتەوە (زەبێحی، ١٣٦٧ : ١٢)، ئەمەش وەڵامێکی بابەتی و زانستییە بەرانبەر هەموو ئەو بۆچوونە نازانستی و ئەکادیمییانەی، کە پێیان وایە زمانی کوردی لقێکە لە زمانی فارسی.

هەرچی چۆنێک بێت، ژمارەی کورد لە ئێستادا زیاتر لە چل ملیۆن کەس دەبێــت، هەر ئەمەش وادەکــات کــورد لە نێوەنــدیی سیاســەتی جیهــانی و ڕیزبەندیی زمانەکاندا پێگەیەکی باشی هەبێت، سەرەڕای بارودۆخی تایبەتی خۆمان، لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی و ڕۆشنبیرییەوە، لەگەڵ کۆمەڵێک ئاریشە و گرفتی زمانی لە ڕووی ستاندارد و ڕێنووس و ئەلفبێ و زاراوە و... تاد. بۆیە ئێمە لەم توێژینەوەیەدا باسی سیاســەتی زمانی و پلانســازی زمــان دەکەیــن، کە تێیــدا هەوڵــدەدەین پلانســازی زمــان وەک چارەســەری بەشــێک لە ئاریشــەکانی زمــانی کــوردی بەکــاربهێنین و، بیخەینەڕوو.

## تەوەرەی یەکەم

## چەمک و زاراوەی سیاسەتی زمانی و پلانسازیی زمان

سیاسەتی زمانی Language Policyو پلانسازیی زمانی Language Planning دوو دووانەن و پێکەوە گرێدراون، کە هیچ کامێکیان بێ ئەوی دیکەیان بەڕێوەناچێت و بەردەوام نابێت، چونکە هەموو سیاسەتێکی زمانی پێویســتی بە پلانێکــی ڕێکخــراو و ئاڕاســتەکراو و کــۆنترۆڵکراو هەیە، تــا سەرکەوتن بە دەست بهێنێت، بە واتایەکی دیکە سیاسەتی زمانی دەبێت لە

نەخشە ڕێگەیەکدا بەرجەستە بکرێت، ئەو ڕێگە و ئاڕاستانەش بە پلانسازیی زمان ناودەبرێت.

**چەمک و پێناسەی سیاسەتی زمانی** (The Concept and Definition of Language Policy):

هەر گەل و نەتەوەیەکی سەر ڕووی ئەم زەمینە سیاسەتی ئابوری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و زمانی و...تاد. خۆی هەیە، کە هەموو ئەمانە لە بناخەدا بەشێکن لەو سیاسەتە گشتییانەی کە دەوڵەتێک یان نەتەوەیەک بۆ مانەوە و سەرکەوتنی خۆی پشتیان پێ دەبەستێت، مەبەستیش لە سیاسەتی زمانی ئەو سیاسەتەیە، کە دەوڵەتێک بۆ مەبەستی پاڵپشتیکردن و هاندانی زمانێک، یان چەند زمانێک بۆ ئەوەی ببنە زمانی فەرمی و کارگێڕی، یا ڕێگەگرتن و تەگەرەخستنە بەردەم زمانێک، یان چەند زمانێک بۆ ئەوەی سنووردار بکرێن، یان بەکارنەهێنرێن، پێڕەوی دەکات (کولماس، ٢٠٠٩ : ٩٦٧)، چونکە شتێکی ئاسایی و سروشتییە، کە هەر زمانێک چەند زار و شێوەزارێکی هەبێت، یان کاریگەریی زمانێک یا چەند زمانێکی لەسەر بێت، ئەمەش بە لایەنی کەموکورتی زمانەکە هەژمار ناکرێت، هەروەها لە هیچ شوێنێکی دنیاشدا نەبووە حکومەت و دامەزراوەکان بە یەک چاو سەیری هەموو زار و شێوەزارەکان بکەن و بایەخیان پێ بدەن، یان ڕێگە بە تێکەڵاوی و کاریگەریی هەموو زمانەکان بدەن، هەمیشە شێوەیەک لە شێوەکانی دیکە زیاتر جێگەی بایەخ و گرنگی پێدان دەبێت و، حکومەت دەیخاتە بەرنامەی کارەکانییەوە، ئەمەش سەرەنجام دەبێتە سیاسەتی زمانی وڵاتەکە، هەروەها سیاسەتی زمانی بە زۆری کاری دەوڵەتە، چونکە دەوڵەت توانستی زۆری هەیە و، دەتوانێت پلانی بۆ دابنێت و ئامانجەکانی بهێنێتەدی، پێویستە ئاماژەش بۆ ئەوە بکەین، کەمینەکانیش لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا بە تایبەتی دەوڵەتە فیدراڵییەکاندا، کە بە جۆرێک لە جۆرەکان دان بە مافەکانیاندا نراوە، دەتوانن بۆ پێشخستن و خزمەتکردنی زمانەکانیان، سیاسەتی زمانیان هەبێت، وەک ئەوەی لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا دەبینرێت.

سنووری سیاسەتی زمانی بەرفرەوانە، تەنیا لە دیاریکردنی زمانی کارگێڕی و ستاندار و کاریگەریی زماندا خۆی نابینێتەوە، بەڵکو تێکەڵ بە لایەنەکانی دیکەی زمان دەبێت، بۆیە پێویستە حکومەت، بە تایبەتیش حکومەتی ئەو گەلانەی کە بەش بەشکراو و داگیرکراون، نموونەی حکومەتی خۆمان،

فەلسەفەیەكی سیاسییان بۆ زمان هەبێت و، هەریەكە لە وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا و ناوەندە ئەكادیمییەكانی وەك ئەكادیمیای كوردی و...تاد. ڕابسپێرێن، كە گرنگی تەواو بە زمان و فەرهەنگ و ڕێنووس و ئەلفبێ... بدەن، چونكە ئەم كارە ((پرسی نەتەوە لە كەلتوری میلیشیایی دەگوازێتەوە بۆ ئەتەكیەتی سیستەم)) (ناوخۆش، ٢٠١٠ : ٥)، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت پلانێكی تۆكمە و درێژخایەنی هەبێت، كە سیاسەتە زمانییەكەی تێدان پراكتیزە و بەرجەستە بكات، ئەو پلانەش بە پلانسازیی زمان ناودەبرێت، بە واتایەكی دیكە سیاسەتی زمانی لەسەر بنەمای پلانی زمان دەڕوات، بۆیە پێویستە پلانی زمان و بنەما جیاوازەكانی و ئامانجەكانی بخەینەڕوو.

**چەمك و پێناسەی پلانسازیی زمان** (The Concept and Definition of Language Planning):

توێژەران و شارەزایانی زمان بە پێی بیروبۆچوون و شارەزایی خۆیان، بە چەند شێوەیەك پێناسەی پلانسازیی زمانیان كردووە، لێرەدا هەندێك لەو پێناسانە دەخەینەڕوو:

ـ ((پلانسازیی زمان بریتییە لە دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ پیادەكردنی سیاسەتی زمانی)) )لویس جان، ٢٠٠٨ : ٣٩٥).

ـ ((پلانسازیی زمان بریتییە لە چاكسازی لە زمان.... پلانسازیی زمان، ئەوەیە كە وا لە فەرهەنگی زمانێك بكرێت هاوتەریب بێت لەگەڵ گەشەی ئابوری و كۆمەڵایەتی و تەكنەلۆژی و ڕۆشنبیری لە وڵاتێكدا)) (غارمادی، ١٩٩٠ : ٢٠٩).

ـ (ناوخۆش) لە بارەی چەمكی پلانسازیی زمانەوە، دەڵێت: ((پلانی زمانی هەوڵێكی سیاسی دروستە لە ئاكامی هەبوونی ڕەوشێكی سیاسی ـ كۆمەڵایەتی دروست دەبێت و هەوڵدەدات ڕەوشی زمان لە وڵات بگۆڕێت)) (ناوخۆش، ٢٠١٠ : ٥١).

لە كۆی ئەم پێناسانە دەتوانین بڵێین: پلانسازیی زمان كۆمەڵێك هەوڵی ڕێكخراوە بە مەبەستی چارەسەركردنی ئاریشەكانی زمان، بۆ سەقامیگربوون و بەرەوپێشبردنی سیاسەتی زمانی لە وڵاتدا، یان پلانسازیی زمان، ئەو نەخشە و پلانەیە، كە لە لایەن دەستەڵاتێكی حكومی و فەرمییەوە دیاری دەكرێت، تا زمان بەرەو ئاراستەیەك ببەن، كە لەگەڵ گەشە و پێداویستییەكانی سەردەمدا بگونجێت.

پرۆسەی پلانی زمانی چالاکییەکی دەستەیی و فەرمییە، کە لە لایەن حکومەتەوە یا پارتێکەوە پشتگیری دەکرێت، بە واتایەکی دیکە ((پلانرێژی زمان ... کۆمەڵێک چالاکی مەبەستدار و بە پلان دەگرێتەخۆ)) (خۆشناو، ٢٠١٣ : ١٠١) سەرچاوەکەشی ئەوەیە، کە کێشەیەک هەیە لە چوارچێوەی سیاسەتی زمانی وڵاتەکەدا پێویستی بە چارەسەرکردن و لێتوێژینەوە هەیە، چونکە ((زمانیش وەک لایەنێکی گرنگی ئاسایشی نەتەوەیی دەستەڵات بەرنامەی بۆ دادەڕێژێ و بە پێی ئەو بەرنامەیەش گەشە دەکا)) (تۆفیق، ٢٠٠٧ : ٤٨) لە ئەنجامیشدا هەر ئەو پلانە زمانییە دەتوانێت زمانەکە لە فەوتان ڕزگار بکات، یان بەرەو ئەو ئاڕاستەیەی ببات، کە دەستەڵاتەکە مەبەست و ئامانجیەتی.

**مێژووی پلانسازیی زمان و پێوەندیی بە سیاسەتی زمانەوە**

(The History of Language Planning and its Relation with Language Policy)

زاراوەی پلانسازیی زمان بۆ یەکەم جار لە لایەن ئینار هۆگن ( E. Haugen)ەوە لە نێوەڕاستی سەدەی بیستەمدا بۆ چارەسەرکردنی ئاریشە و گرفتەکانی بەردەم زمان لە وڵاتی (نەرویج) بەکارهاتووە، ئەویش لە وتارەکەیدا (دیالێکت، زمان، نەتەوە)، کە لە ساڵی (١٩٦٦) بڵاوی کردووەتەوە (Hassn Pour، 30 :1992 )، چونکە دوای ئەوەی لە چارەگی یەکەمی سەدەی نۆزەیەمدا نەرویج لە حوکمڕانی دانیمارک و زمانی دانیمارکی جیادەبێتەوە لەگەڵ وڵاتی سوید یەکێتییەک پێکدەهێنن، کە تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بەردەوام دەبێت، ئیتر لەوە بە دواوە نەرویج دەبێتە وڵاتێکی سەربەخۆ، بەڵام کێشە و گرفتێکی زۆریان لە زمانی ستاندارد و ڕێنووس و ئەلفبێ و... تاد. هەبوو، بە واتایەکی دیکە نەرویج پێویستی بە زمانێکی سەربەخۆ و خاوەن بنەما هەبوو، تا لە زمانەکانی دیکە دووربکەوێتەوە، ئەم کارەش پێویستی بە بەرنامە و پلان بۆ داڕشتن هەبوو (ڕەسوڵ، ٢٠١٠ : ٥).

دیارە لە پێشتریشدا هەوڵی لەم جۆرە هەبووە، بەڵام لە ژێر چەتری سیاسەتی زمانیدا نەبووە، بۆ نموونە: هەریەکە لە (کنود کنودسێن) و (ئیڤار ئاسێن)، کە لە گوندەکانی نەرویج مامۆستا بوون، هەروەها شارەزای بواری زمانەوانیش بوون، دوو ڕێگە چارەیان بۆ زمانی نەرویجی خستەڕوو، کنودسێن هەنگاو بە هەنگاو بە نووسینی دانیمارکی داهاتەوە، تا گەیشتە ئەو

قۆناغەی لە ڕێگەی دەستکاریکردنی زمانی دانیمارکییەوە، زمانێکی تازەی نەرویجی سازکرد و، لە ساڵی (١٨٥٦) کتێبی ڕێزمانی ئەو زمانەی نووسی، هەرچی ئێڤار ئاسێنیش بوو، پێی وابوو زمانی ڕەسەنی نەرویجی لە لای گوندنشینەکانی ڕۆژئاوای ئەو وڵاتەیە، بۆیە ئەو زمانەی ئەو گرنگی پێدەدا و بەکاری دەهێنا، خاسیەت و بنەماکانی لە شێوازی قسەکردنی گوندشینەکانەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە بە (لاندەسمال) یا زمانی نەتەوەیی ناوی دەرکردبوو، هەروەها لە ساڵی (١٨٦٤) کتێبی ڕێزمانی بەو زمانە نووسیوە و، دواتریش لە ساڵی (١٨٧٣) فەرهەنگێکی وشەیی پێ بڵاوکردووەتەوە (سارلی: ١٣٨٧، ١٦٥ ـ ١٦٦)، (ڕەسوڵ، ٢٠١٠ : ٥ ـ ٦).

سیاسەتی زمانی و پلانسازیی زمان، هەروەک پێشتر ئاماژەمان بۆی کرد، پێوەندییەکی تونودتۆڵ لە نێوانیاندا هەیە، هەمیشە کارکردنیان پێکەوەیە و تەواوکەری یەکدین، چونکە سیاسەتی زمانی بڕیار و ئامانجە، بەڵام پلانسازیی زمان جێبەجێکردنی بڕیارەکە و زەمینەسازییە بۆی، بە واتایەکی دیکە، دەتوانین بڵێین: لە پشت هەر سیاسەتێکی زمانی سەرکەوتووەوە پلانێکی تۆکمە و پتەو هەیە، کە لە لایەن شارەزایان و پسپۆڕانەوە ئاراستە کراوە، هەروەها بە شێوەیەکی گشتی سیاسەتی زمانی دوو لایەنی هەیە، کە پێویستە جیاوازی لە نێوانیاندا بکەین، ئەویش لایەنی کارەکی و ڕەمزی یا تیۆرییە، کاتێک وڵاتێک سەربەخۆیی بە دەست دەهێنێت، بڕیاردەدات، کە زمانێک یا یەکێک لە زارەکان ببێتە زمانی نیشتمانی یا ستاندارد یاخود زمانی کارگێڕی، ئەمە لایەنە ڕەمزییەکەیە، دواتر بە پێی بەرنامە و پلانێک ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات، ئەمەش دەبێتە لایەنە کارەکییە، هەندێک جاریش بڕیارەکە بە ڕەمزی دەمێنێتەوە چونکە جێبەجێ ناکرێت (لویس جان، ٢٠٠٨ : ٢٢٢)، کەواتە ئامانجەکانی سیاسەتی زمانی تەنیا لە ڕێگەی بنەماکانی پلانی زمانییەوە بەدی دێن و سەرکەوتن بە دەست دەهێنن.

**بنەماکانی پلانسازیی زمان** (The Principles of language planning):

پلانی زمان چەندین بنەمای بە یەکەوە گرێدراوی وەک زنجیرەی هەیە، کە ئەو بنەمایانە هەنگاو بە هەنگاو پێڕەو دەکرێن، تاوەکو ببنە باشترین چارەسەر بۆ کێشە و ئاریشەکانی بەردەم زمان لە کۆمەڵگادا، (هۆگن) بیرۆکەی پلانی زمانی لە پلانی ئابورییەوە بە تایبەت لە بۆچوونەکانی

ئابوریناس (هێربەرد سیمۆن)ەوە وەرگرتووە، بە جۆرێک پلانی زمانی لە پێنج قۆناغی یەک لە دوای یەک دارشتووە، بەم شێوەیە:

**کێشە و گرفت:**

ئەم قۆناغە بە یەکەم و سەرەکی دادەنرێت، کە تێیدا هەست بە گیروگرفتی زمانەکە دەکرێت، بە تایبەتی لەو ولاتانەی فرە نەتەوە و فرە زمانن، کە سەرەکیترین کێشە تێیاندا لێک تێنەگەیشتنە، بۆیە دەبێت لە رێگەی پلانسازیی زمانەوە چارەسەر بکرێت.

**خاوەن بڕیار (دەستەڵات):**

حکومەت و دەزگا پێوەندیدارەکانن، کە بڕیارەکە جێبەجێ دەکەن و، ئەرکی چاودێریکردن و گۆڕین و باشکردنی زمانیان دەکەوێتە ئەستۆ.

**جێگرەوەکان (بەدیلەکان):**

لەم قۆناغەدا لە رێگەی هەڵەسەنگاندن و تاقیکردنەوە، یا وەرگرتنی رای پسپۆڕ و شارەزایانەوە شوێنگرەوە و رێگەچارە گونجاوەکان پۆل پۆل دەکرێن.

**هەڵسەنگاندن:**

بەپێی پێوەرێکی زانستی و گونجاو جێگرەوەکان هەڵدەسەنگێنرێن و تاقیدەکرێنەوە، تا گونجاوترینیان لێ هەڵبژێردرێت، بە جۆرێک شوێنگرەوەکە ببێتە مایەی یەکخستن و سەقامگیریی کۆمەڵ، بۆ نموونە: لە بارەی دەستنیشانکردنی زمانی ستاندارد پێویستە ئەو زارە یا شێوەزارە هەڵبژێردرێت، کە بەکارهێنان و تێگەیشتن لێی ئاسانە و پاشخانێکی کەلتوری و مێژووی فرەوانی هەبێت، کە تاکەکان شانازی پێوە بکەن، لەبری هەستیاربوون بەرانبەری.

**پێڕەوکردن:**

ئەمەش قۆناغی جێبەجێکردنی پلانەکە و بەرێوەبردنی دەگرێتەوە، کە لە ئەستۆی دەستەڵات و حکومەت دایە، بۆیە پێویستە ئەو جێگرەوە (ئەلفبێ، یا زار، ...)ەی هەڵبژێردراوە قبوڵ بکات و، چاودێریی چۆنیەتی جێبەجێکردنی لە دامودەزگاکانی حکومەت و هۆیەکانی راگەیاندن و پرۆسەی خوێندن

و...تاد. بکات، هەروەها پشتگیری ماددی و لۆجستیکی بخاتە سەر شانی خۆی، تا سەرکەوتن و بەردەوامی بە دەست بهێنێت (کالفی، ٢٠٠٩ : ١٧).
ئامانجی سەرەکی زمان بۆ ((لەیەکترگەیشتن و گۆڕینەوەی بیرورِا و دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵانی نەتەوەیەک بە گشتی)) (عەلی و حەمەئەمین، ٢٠٠٧ : ١٣)، کەواتە زمان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە کارلێککردنی کۆمەڵایەتی و هۆکارێکی سەرەکیشە لە گواستنەوەی بەها کەلتوری و کۆمەڵایەتییەکان، ئاشکراشە لەسەر ئەو بەها کەلتوری و کۆمەڵایەتییانە شارستانی بونیادنراوە.
پێشکەوتنی زمان و پەرەسەندنی پێوەندیی نێوان زمانەکان ڕووداوێکی کۆمەڵایەتییە و، بەرهەمی مێژوویەکی دوور و درێژە، بەڵام سیاسەتی زمانی ئەم پەرەسەندنە خێراتر دەکات، هەروەها هەوڵدەدات دەستوەردانی یاسایی جێی مێژوو بگرێتەوە (لویس جان، ٢٠٠٨ : ٣٣٩)، ئەم کارە بە میکانیزم و یاسایی بکات.

**جۆرەکانی پلانسازیی زمان** (The Types of language planning):

پلانسازیی زمان و چۆنیەتی کارکردنی شێوازی جۆراوجۆر و جیاوازی هەیە، هەر گەل و نەتەوەیەک پێویستی بە پلانی تایبەت بە خۆی هەیە، چونکە سیاسەتی هەر زمانێک تایبەتە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەزموونی گەلان و وڵاتان لە بواری سیاسەتی زمانیدا پێمان دەڵێت: دەکرێت بەم شێوە و پلانانەی خوارەوە کار لەسەر زمان بکرێت:

**یەکەم:**

لەو شوێن و وڵاتانەی کە فرە زمانن، یا تازە سەربەخۆییان بە دەستهێناوە، بە پێی پلانێکی دیاریکراو و دەستوری زمانی ئەو وڵاتە، کە چەند ئەرکێکی دەکەوێتە سەر کار لەسەر پێگەی زمانەکان دەکرێت، ئەم پرۆسەیەش چەند ئەرکێکی دەکەوێتە سەر، هەرە گرنگەکانیان بریتین لە:

١. دیاریکردنی زارێک یا زمانێک و دەرخستنی پایەکەی لە کۆمەڵگادا.
٢. گۆڕینی ئەرکی زمانێک یا شێوە زمانێک.
٣. دیاریکردنی مافی خەڵک لە بەکارهێنانی ئەو زمانە یان زارە.
٤. لەگەڵ گرنگیدان بە ڕێکخستنی پێوەندیی نێوان زمانەکان و دابەشکردنی ئەرکەکانیان و چارەنووسی زمانن (ناوخۆش، ٢٠١٠ : ٥٢).

لە زۆر وڵاتدا بەم جۆرە پلانە كاریان لەسەر زمان كردووە، بەڵام ئەم جۆرە پلانە جەخت لەسەر سەربەخۆیی نەتەوە دەكاتەوە، لەبەر ئەوەی تویژینەوەكەی ئێمە تایبەتە بە زمانی كوردی و هەرێمی كوردستان، بۆیە باس لەم جۆرە پلانە ناكەین.

**دووەم:**

ئەم جۆرە پلانە كار لەسەر زمانێك دەكات، واتە بەپێی پلانێك كار لەسەر ناواخن (متن)ی زمانێك دەكات و، لایەنی ئەلفبێ و فەرهەنگ و زاراوە و بنەماكانی زمانی ستاندارد و ڕێنووسی تێدا دەبنە ئامانج و مەبەستی دەستەڵاتداران و سیاسەتی وڵات.

## هۆكارەكانی سەرخستنی پلانسازیی زمان

The Reasons Behind Language Planning Success

كۆمەڵێك هۆكار و فاكتەر هەن، پێویستە لە پلانسازیی زماندا بە هەند وەربگیرێن، چونكە بە پشتگوێخستنیان پلانسازیی زمان سەركەوتوو نابێت، ئێمە لێرەدا بە كورتی باسی سێ لەو هۆكارانە دەكەین، كە دەبنە ڕێخۆشكەر و یاریدەدەر بۆ سەركەوتنی پلانسازیی زمان:

### یەكەم: پلانسازیی زمان و هەستی نەتەوایەتی

Language Planning and Patriotic Sense

هەستی نەتەوایەتی و خۆشەویستی نیشتمان هۆكارێكی سەرەكی سەرخستنی پلانسازیی زمانە، ((زۆربەی زۆری دەوڵەتە نەتەوەیی یەكان، لەسەر بناغەی زمانی نەتەوەیی دامەزراون، جا گەر ئەو زمانە لاوازیش بێ، ئەوا دەوڵەتە نەتەوەیی یەكە بەهێزی دەكا. یا گەر زمانێك بێ، لە بیرچوو بێتەوە، ئەوا دەوڵەتە نەتەوەیی یەكە سەر لە نوێ زیندووی دەكاتەوە و دەیبووژێنێتەوە. لێرەدا دەتوانین باشترین نموونە لەسەر زمانی ((عیبریی كۆن)) بێنینەوە، چۆن جووەكان، دوای ئەوەی لە ساڵی ((١٩٤٨))دا دەوڵەتی ئیسرایلیان دامەزراند، زمانە عیبرییەكەی خۆیان زیندوو كردەوە، ئەورۆ بە یەكەم زمانی سەرەكی دەوڵەتی ئیسرایل دادەنرێ!)) (عەزیز، ٢٠٠٥ : ١٣٨)، هەروەها لە نەرویج و توركیا ... تاد. هەستی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری لە پشتی چاكسازیی زمانەوەبوون، لە هەموو نموونەكاندا بەهێزكردن و یەكخستنی نیشتمان بە هۆی بەهێزكردنی زمانەوە بووە. بەڵام بە داخەوە لای كورد و دەمارگیری و قووڵكردنەوەی ژیانی ناوچەگەری و دیالێكتچییەتی بە سەر

هەسـتی نەتەوەییـیەوە زاڵە، بـۆیە نەمـانتوانیوە كێشـەكانی زمـانی كـوردی چارەسەر بكەین.

**دووەم: پلانسازیی زمان و ناوەندە ئەكادیمی و پارتە سیاسییەكان**

Language Planning، Academic Organization، and Political parties

پـارتە سیاسـی و ناوەنـدە ئەكادیمییەكـان زۆرجـار ڕۆڵ لە پشـتگیریكردن و سەرخستنی سیاسەت و پلانی زمانی نەتەوەكەی خۆیاندا دەبینن، بە وێنە: لە توركیا جگە لە ئەنجومەنی میللەتی توركیا لە ساڵی (١٩٢٨)دا چەندین كۆڕ و كـۆمەڵەی وەك (كـۆڕی زمـان) و (كـۆمەڵەی وردكـردنەوەی زمـانی تـوركی) دامەزران بـۆ كـاركردن و تـوێژینەوە لەسـەر گشـت لایەنەكـانی دیكەی زمـانی تـوركی و جێبەجێكردنـی سیاسـەتە زمـانییەكەی ئەتـاتورك (شـاكەلی، ٢٠١١ : ١٠٦)، بەڵام لە بارەی زمانی كوردییەوە ئەگەرچی لە ئەمڕۆدا چەندان بەشـی تـایبەت بە خوێندنی زمـانی كـوردی لە ئاسـتی سـەرەتایی و بـاڵا لە زانكـۆكـانی كوردسـتاندا هەن، هەروەهـا سـاڵانە و بە بەردەوامـی كـۆنفڕانس و كـۆڕ و كۆبوونەوەی تایبەت بە كێشەكانی ئەلفبێ و ڕێنووس و زمـانی سـتاندارد و... تاد. ساز دەكرێن، بەڵام هەتـا دێت كێشـەكان ئاڵۆزتر و فرەبۆچوونتر دەبن. هەروەها پارتە سیاسییە كوردییەكان دەیان ساڵە لە پێناوی خاكی كوردسـتان و گەلەكەیـدا خەبـات دەكەن، بەشـێكیان ئەمـڕۆ لە هەرێمـی كوردسـتاندا حـوكمڕانی دەكەن و ڕاگەیانـدنی تـایبەتی خۆیـان هەیە و، چەنـدین كەنـاڵی ئاسمانی و ڕۆژنـامە و گۆڤـاریش دەردەكەن، بەڵام دەرهەق بە زمـانی كـوردی تـا ڕادەیەك كەمـتەرخەمن و وەكـو پێویسـت خزمەتـی زمـانی كوردییـان نەكردووە.

**سێیەم: پلانسازیی زمان و بنەمای ئابوری**

Language Planning and Economy

بنەمـای ئـابوری مەرج و پـایەیەكی سـەرەكی سـەرخسـتنی پلانسـازیی زمـانە، ئەویـش بە هـۆی ئەوەی حكـومەت توانسـتێكی باشـی هەیە و، دەتوانێـت لە ڕووی دارایـی و مـرۆییەوە پاڵپشـتی بكـات (غارمـادی، ١٩٩٠ : ٢٣١) ئەمە لە لایەك، لە لایەكی دیكەشـەوە دەتوانێت هێز و هەژمـوونی خـۆی پیـادە بكـات، لەم ڕووەشـەوە حكـومەتی هەرێمـی كوردسـتان بەرانـبەر بە زمـانی كـوردی ئەركیەتی، كە سیاسـەتێكی زمـانی ڕوون و ئاشـكرای هەبێت، بە تـایبەتیش بـۆ

ماوەی چەند ساڵێکە کوردستان لە ڕووی ئابورییەوە بوژاوەتەوە و کۆمپانیا و وەبەرهێنەرە جیهانییەکان ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، بۆ سەرمایەگوزاری و لە هەوڵی ساغکردنەوەی کاڵا و بەرهەمەکانیان دان، هەر بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم دەرفەتە لە دەست نەدات و بنەمای ئابوری و بازرگانی بخاتە خزمەتی زمانی کوردییەوە، ئەویش بە جێبەجێکردنی ئەم هەنگاوانە:

١. مەرجی بە کوردی نووسین بەسەر کۆمپانیاکاندا بسەپێنێت، هەر بەرهەم و بابەتێک، کە دێتە وڵاتەکەمانەوە ئەگەر زانیارییەکانی سەری یا پەڕاوی زانیارییەکانی (کەتەلۆک) بە کوردی نەبوو، ڕێگە بە هاتنەژوورەوەی نەدرێت.

٢. هەموو تابلۆ و ناونیشانی کۆمپانیا و شوێنکارەکان بکاتە کوردی، هەروەکو چۆن وڵاتی چین مەرجی نووسینی زمانی چینی لەسەر کاڵا و بەرهەمی ئەو کۆمپانیا جیهانییانە داناوە، کە لەبەر هەرزانی و دەستی کار و کەمی باج ڕوویان لە وڵاتەکەی کردووە.

٣. هەر بەرهەم و کاڵایەکیش، کە لە هەرێمی کوردستاندا بەرهەم دەهێنرێت و ڕەوانەی دەرەوەی وڵات دەکرێت، وەکو: هەنگوین، کڵاشی پەڕۆین، بنێشت ... تاد. پێویستە بە زمانی کوردی لەسەریان بنووسرێت.

٤. حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی ڕێککەوتن لەگەڵ کۆمپانیا گەورەکانی پرۆگرامسازی، وەکو مایکرۆسۆفت بدات، بۆ ئەوەی زمانی کوردی بخاتە نێو بەرنامەکانییەوە.

٥. کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان و هاوردەکردنی مۆبایل هان بدات، کە فۆنت و زمانی کوردی بخەنە نێو بەرهەمەکانیانەوە، ئەگەرنا ڕێگە لە هێنانی بەرهەمەکانیان و ساغکردنەوەیان بگرێت.

**تەوەرەی دووەم**

**ئامانجەکانی پلانسازیی زمان** (The Aims of Language Planning):

پلانسازیی زمان چەندین ئامانجی تایبەتی خۆی هەیە، کە هەریەکەیان تایبەت بە کۆمەڵگایەکی زمانی و وڵاتێکی دیاریکراوەوە، هەروەها هەندێک لە ئامانجەکان تەواو پەیوەستن بە جۆری سیاسەت و پلانی پێڕەوکراو لە کۆمەڵگادا، لە بارەی زمانی کوردی و هەرێمی کوردستانیشەوە ئامانجەکان زۆرن، ئێمە لێرەدا ئاماژە بە گرنگترینیان دەکەین:

١. چاککردن و ڕێکخستنی زمان لە ڕووی ڕێنووس و ئەلفبێوە.
٢. ئاسانکردنی زمان لە نووسین و ئاخاوتندا، بە جۆرێک لەگەڵ سەلیقەی ئاخێوەرانی و بنەماکانی زمانەوانیدا بگونجێت.
٣. دیاریکردن و بە ستاندارکردنی زارێک یا شێوەزارێک لە زماندا.
٤. یەکخستنی زاراوە لە بوار و بابەتە جیاجیاکان و دامەزراندنی بانکی زاراوە.
٥. کۆکردنەوەی وشە و زاراوەی هەموو زار و بنەزارەکان، هەروەها دانانی فەرهەنگی یەکگرتوو.
٦. پاراستنی وشەکانی زمان لە مردن و لە بیرچوونەوە.
٧. داهێنانی وشەی نوێ، چ لە ڕێگەی دارشتنی وشەسازییەوە بێت، یا لە ڕێگەی گواستنەوەی واتایی و بەخشینی واتای نوێ بە وشە کۆنەکان بێت.
٨. بڵاوکردنەوەی زمان لە دەرەوەی وڵات، لەگەڵ هاندانی توێژەر و شارەزایانی بواری زمانەوانی بۆ توێژینەوەی زمانی کوردی و بەراورد و بەرانبەرکردنی لەگەڵ زمانەکانی دیکە.
٩. بە تەکنەلۆژی و جیهانیکردنی زمان، لەڕێگەی بەکارهێنانی لە بەرنامە ئەلکترۆنییەکانی بواری تەکنەلۆژیا و ئەنتەرنێتدا.
١٠. دامەزراندنی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە، بۆ خزمەتی زمان و بواری زمانەوانی.
١١. چاودێریکردن و ئاراستەکردنی ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو و خوێنراو، بە شێوەیەک لە خزمەتی ئاسایشی نەتەوەیی و زمانیدا بن.
١٢. نەهێشتنی هەستیاری زمانی، کە سەرچاوەیە بۆ گەشەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و سڕینەوەی بیری ناوچەگەری.
١٣. دامەزراندنی دەزگایەکی وەرگێڕانی چالاک و بێلایەن.
١٤. بڕەودان بە زمانی کوردی لە شوێنە گشتی و فەرمییەکانی وڵات، تایبەت لەسەر تابلۆ و ناونانی شوێنەکان.
١٥. چاودێریکردنی کاریگەری و تێکەڵاوی زمانە دراوسێ و جیهانییەکان لەسەر زمانی کوردی، لەگەڵ دەستنیشانکردنی چۆنیەتی و ڕادەی بەکارهێنانیان.

ئاریشەکانی بەردەمی زمانی کوردی زۆر لەوە پترن، هەروەها بە هۆی ئەوەی گەلی کورد دەستەڵاتێکی سەرانسەری و تەمەنێکی درێژی کارگێڕی

نییە، هەروەها زمانەکەشی نەچووەتە نێو تەکنەلۆژیا و فەلسەفەو...تاد. یا زۆر بە کەمی نەبێت، پێویستی بە هەموو ئەو ئامانجانە هەیە بە مەبەستی فەراهەمکردنی سیاسەتێکی سەرکەوتووی زمانی و ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی زمانی (ناوخۆش، ٢٠١٠ : ٥٤)، بەڵام سنووری باسەکەی ئێمە ڕێگە بە باسکردن و لێتوێژینەوەی هەموویان نادات، بۆیە چەند دانەیەکیان کە بابەتی زیندوو و کێشەی سەرەکی و سەردەمین دەخەینە بەر توێژینەوە، بەم شێوەیە:

**یەکەم: لایەنی ئەلفبێ** (Alphabetical Aspects)

یەکێک لەو کێشانەی ڕووبەڕووی ئەو میللەتانە دەبێتەوە، کە لە ژێردەستەیی ڕزگاریان دەبێت و دەوڵەت، یا هەرێمی تایبەت بە خۆیان پێکدەهێنن، کێشەی ئەلفبێیە.

بارودۆخی تایبەتی کورد و دابەشبوونی بەبێ ویستی خۆی بە سەر چوار پارچە و لکاندنی هەر پارچەیەکی بە دەوڵەتێکی دیکەوە وای کردووە، سەرباری نەبوونی ستانداردێکی سەرتاسەری، چەند ئەلفبێیەکی لە بری ئەلفبێیەکی یەکگرتوو هەبێت، کە ئەمەش بە سەختترین کۆسپ دادەنرێت، چونکە لە هەموو پارچە پارچەبوونەکان ((مەترسیدارتر پارچەبوونی زمانە و یەکخستنەوەی زمانیش لە هەموو لایەنەکانی تر گرانترە)) (ڕەسوڵ، ٢٠١١ : ٢٥١)، بە جۆرێک هەندێکیان ئەلفبێی کوردی بە پیتی (ئارامی) یا (نەبەتی) کە زۆرجار بە هەڵە پێی دەگوترێت (عەرەبی) و، بەشێکی دیکەشیان ئەلفبێی کوردی هاوشێوەی لاتینی بەکاردەهێنن، ئەمە جگە لە ئەلفبێی (کریلیک)، کە کوردە پەرشوبڵاوەکانی یەکیەتی سۆڤیەتی جاران پێی دەنووسن، هەریەکەشیان ئەوەی خۆی بە پەسەندتر دەزانێت و هەوڵی سەرخستنی و سەرتاسەری دەدات و ملکەچی پارچەکانی دیکە نابێت.

هەمووشمان ئەو ڕاستییە دەزانین، کە بەکارهێنانی زیاتر لە ئەلفبێیەک بۆ زمانێک کارێکی باش نییە، چونکە جیاوازیی زمانی دروست دەکات، هەنگاونان بۆ یەکخستنی ئەلفبێیەکانیش کارێکی پێویستە، چونکە دەبێتە هۆی لێک نزیککردنەوەی زارەکانی زمانی کوردی و زەمینەش خۆش دەکات بۆ دروستبوونی زمانی ستانداردی کوردی (ڕەسوڵ، ٢٠١٢ : ٢١) ئەمە جگە لەوەی ئەم جۆراوجۆرییەی ئەلفبێیە بووەتە هۆی ئەوەی کوردانی باکور بە زمان و ئەدەب و کەلتور و ڕۆشنبیریی نەتەوەکەی خۆیان لە باشور نامۆبن،

چـونكە ((سـەپاندنی ئەلفـوبێی لاتینـی بەسـەر گەلـی بـاكووری كوردسـتاندا، بەكـارترین ئـامرازی ئەم بەخـۆ نـامۆكردنە بـووە. ئەلفـوبێی لاتینـی ــ تـوركی دیـــوارێكی بەرزی لەبەردەم هەردوو گەلـــی بـــاكوور و گەلـــی باشـــوور و ڕۆژهەڵاتـی كوردسـتاندا هەڵچنیـوە. هەر هەوڵ كۆششـێك بـۆ نزیككـردنەوەی كولتووری و زمـانی و هاوئـاهەنگی (ئینتێگراسیۆن)ی نەتەوەیی لە نێوان ئەم دوو بەشـەی نەتەوەكەمانـدا، بەبـێ یەكخسـتنی ئەلفوبێ، واتـا خـۆ ئـازادكردنی كـوردی بـاكور لە كـۆیلایەتی ئەلفـوبێی تـوركی و گەڕانەوەیـان بـۆ ئەلفـوبێی كـوردی، ئەنجـامێكی ئەوتـۆی نابێـت)) (سـابیر، ٢٠٠٨ : ٨٤ – ٨٥)، بەڵام لەم بـارودۆخەی ئێسـتادا یەكخسـتنی ئەلفبـێ كـارێكی ئاسـان نیـیە، ڕەنـگە هەر نەشكرێت، چونكە سێ پارچەی كوردستان لە ژێر دەستەڵاتی داگیركەراندایە، كە ڕێگە نـادەن زمـانی كوردی لە پرۆسـەی پەروەردە و فێركـردن بەكاربێت، بۆیە پێویستە لە باشوری كوردستاندا حكومەتی هەرێم بۆ ئەلفبێ و ڕێنووس سیاسـەتێكی زمـانی ڕوون و ئاشـكرای هەبێـت و، هەوڵبـدات بە پێـی پلانێكـی درێژخایەن و تۆكمە كێشە و ئاریشەكانی بەردەمی چارەسەر بكات.

پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بكەین، كە دانانی ئەلفبێ یا گۆڕینی لە هەندێك بـاردا، پێوەندیی بە ئایدۆلۆژیا و بیركردنەوەوە هەیە، لە سەردەمی دەستەڵاتداریەتیی عوسـمانیدا لە توركیا ئەلفبێی ئارامی (عەرەبی) بەكارهـاتووە، دواتـر ئەلفبێی لاتینـی ــ تـوركی جێگەی گرتـووەتەوە، چـونكە كاتێـك لەسـەر دەسـتی كەمـال ئەتاتورك لە ساڵی (١٩٢٤)دا دەوڵەتـی ناسیۆنالیزمی تـورك دامەزرێندرا، ئەم ئەلفبێیە بە سـەر گەلانـی تۆركیـادا سـەپێندرا (هـ . س . پ، ٧٧)، بە جۆرێـك كەمـال ئەتـاتورك بەر لە هەر شـتێكی دیـكە كـاری لەسـەر زمـان كـردووە و توانیویەتی بە هاریكاری توركە نەتەوەپەرستەكان و پلانێكی زمـانی لە سـاڵی (١٩٢٨)ەوە ئەلفبێیە كۆنەكە بگۆڕیت بە ئەلفبێیە نوێیەكە، كە لاتینییە، هەروەهـا لە ئاسیای نێوەڕاستەوە تا ئاسیای بچوک بكاتە خـاوەنی ئەلفبێیەكی هـاوبەش (Dickenshttp://www.oxuscom.com/lang-policy.htm ، ).

جولەكەكـــانیش میللەتێكـــی پەرتەوازەبـــوون، بەڵام لەبەر ئەوەی هەسـتی نەتەوایەتـی و ئایینیـان بەهێزبـوو، توانیـان بە پاڵپشـتی دەوڵەتـانی ڕۆژئـاوا و ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا دەوڵەت بۆ خۆیان دابمەزرێنن و، دواتـر بە پێی پلانسـازیی زمـان هەوڵیانـدا زمـانی عیبـری زینـدوو بكەنەوە و ئەلفبێیەكی تایبەتیش بۆ زمانەكەیان دابنێن (ئەحمەد زادە، ٢٠١٢ : ٢٥٦ – ٢٦٤).

ئەی ئێمەی کورد بۆ نەتوانین کێشەی ئەلفبێی و ڕێنووس چارەسەر بکەین؟ وەک ئاماژەمان بۆکرد تا ئەمڕۆ، ئەلفبێیەکی تایبەتی نەتەوەیی یەکگرتوومان نییە، ئەوانەشی کە بەکاریان دەهێنین، لە کەموکوڕی و ناتەواویی بەدەرنین، هەندێک کێشەیان تێدایە، کە وایکردووە لە ئاست خواست و ئامانجەکانی زمانەوانان و شارەزایانی زماندا نەبن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە بەراورد بە ئەلفبێی میللەتانی فارس و عەرەب ئینگلیز و... تاد. گرفتیان کەمترە، یان بە ڕێژەیەکە کە بە گرفت دانەنرێت، چونکە لەو زمانانەدا ((تەنانەت وشەیەکی دیاریکراو دەشێت بە شێوەیەک زیاتر بخوێندرێتەوە. زمانێکی وەک ئینگلیزی و فەرەنسی... هتد. ناچاربوون بۆ زانینی چۆنیەتی خویندنەوەی وشەکانیان پشت بە ئەلفوبێی فۆنەتیکی جیهانی)) (تۆفیق، ٢٠٠٧ : ٧٣) (IPA) ببەستن، ئەمە لە کاتێکدا زمانی کوردی چۆن دەنووسرێت ئاوا دەخوێندرێتەوە.

لە ئەلفبێی کوردی بە پیتی لاتینی هەندێک کێشە چارەسەر کراون، وەکو کێشەی بزرۆکە (i) و (و) و (ی)ی بزوێن و نەبزوێن، بەڵام ژمارەیەک فۆنیمی کوردی وەکو (ڕ) و (ڵ) لەگەڵ فۆنیمە کێشە لەسەرەکانی (ع) و (ح) پیت و گرافێمیان بۆ دانەنراوە.

ئەلفبێی کوردیش بە پیتی ئارامی، لە دوای هاتنی ئایینی ئیسلامی پیرۆز و ئیسلامبوونی کورد پەیدابووە و، لە ڕووی مێژووی گەشەسەندنیشەوە بە سێ قۆناغدا تێپەڕیوە، بەم شێوەیە:

**قۆناغی یەکەم:** ئەو بەرهەم و نووسینە کوردییانە دەگرێتەوە، کە بە هەمان ئەو پیتانە نووسراون کە عەرەبەکان بەکاریان هێناون، نەک بە ئەلفبێی گونجێنراوی کوردی.

**قۆناغی دووەم:** لەم سەردەمەدا هەندێک لە پیتە کوردییەکان بەکارهاتوون، بەڵام بە شێوە و گرافێمی جیاواز لە ئێستا، هەروەها بە تەواوی ڕزگار نەبوون لە (سەر و بۆر و ژێر).

**قۆناغی سێیەم:** قۆناغی گونجاندن و دەستکاریکردنە، کە هێواش هێواش هەندێک لە پیتەکان دەستکاری کراون، کە بە تەواوەتی بەشێکیان لەگەڵ ڕێنووسی ئێستادا تەواو لەیەک دەچن (ناوخۆش + ئەوانی دیکە، ٢٠٠٩ : ١٠٧).

ئەوەی ئێمە مەبەستمانە قۆناغی سێیەمە، کە لە دوای سەدەی بیستەمەوە لە باشوری کوردستاندا بەکاردێت و، بەرهەمێکی یەکجار زۆری پێ چاپ

کراوە، زمانەوانان و ڕێزماننووسانی کورد توانیویانە تاڕادەیەکی باش ئەم ئەلفبێیە لەگەڵ زمانی کوردی بگونجێنن، وەک ئەلفبێیەکی فۆنۆگرافی، کە لەسەر بنەمای فۆنیمەکانی کوردی پیتەکانیان دیاریکردووە، بەڵام تا ئێستاش چەندین گرفتی ماوە، کە بە کورتی ئاماژەیان بۆ دەکەین، کە بریتین لە:

١. دەنگی (ئـ) لە نێوان فۆنیم و فۆنیم نەبووندا جێگەی قسە لەسەرکردنە، بە جۆرێک بەشێک لە زمانەوانان پێیان وایە فۆنیمە، بەشێکی دیکەش پێیان وایە کە فۆنیم نەبێت، لە ڕاستیشدا فۆنیم نییە، بۆیە باشتر وایە پێی بگوترێت (دەنگ هەڵگر) یان (بزوێن هەڵگر) و وەک فۆنیمێکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵ نەکرێت، چونکە لە زمانی کوردیدا نووسین و نەنووسینی کار لە واتا ناکات ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەشەوە ((لەو کاتانەدا پەیدا دەبێ، کە دەنگێکی بزوێن (ا، ۆ، ێ، ە، ی، و) دەکەوێتە سەرەتای وشەیەک، چونکە لە کاتی گۆکردنی دەنگە بزوێنەکاندا، دەم کراوەیە و هەوا بەبێ هیچ بەربەستێک لە دەمی مرۆڤ دێتە دەرەوە. ... بۆیە کاتێ دەنگێکی بزوێن دەکەوێتە سەرەتای وشە، پێویستی بە بەربەستێک دەبێ تاکو هەواکە بگرێتەوە و ڕێگە نەدا هەر دەم کرایەوە هەوا بێتە دەرەوە. ئەگەرنا پێش ئەوەی قسەکەر دەست بە گۆکردنی ئەو وشەیە بکا کە بزوێن دەست پێ دەکا، زۆربەی هەوای پەنگ خواردووی سییەکانی دێتە دەرەوە و وشەکەی پێ تەواو ناکرێ و بەم پێیە کرداری ئاخاوتن زۆر گران دەبێ. ئەم دیاردەیەش فۆنەتیکییە و نەک هەر لە زمانی کوردی لە زمانەکانی تریشدا هەیە)) (ڕەسوڵ، ٢٠١١ : ٢٥٦)، پێویستە ئەوەشمان بیرنەچێت، کە لەنووسینەکانی چارەگی یەکەمی سەدەمی بیستەمدا وێنەی (ئـ) نەبووە و نابینرێت (هـ . س. پ، ٢٨٦).

٢. گرفتێکی دیکەی لە ئەلفبێی چاککراوی کوردیدا نەبوونی گرافیمی (i) بزرۆکەیە، کە ئەمەش وای کردووە، کە چەندین سەرنج لە بارەیەوە هەبێت، لەوانە:

أ. به ئەلۆفۆنی بزوێنی (ی ـ î) لە قەڵەم دەدرێت.

ب. دەنگێکە دەکەوێتە نێوان دوو بزوێن لە ئەنجامی گواستنەوەی شوێنی نەبزوێنی یەکەم بۆ دووەم لە نێو دەمدا نەختێک هەوا دەردەچێت و ئەم بزرۆکەیە دروست دەبێت، بۆیە نووسین و نەنووسینی نابێتە هۆی تێکدان یا گۆڕینی واتای وشەکە و، دیاردەیەکی فۆنەتیکییە و لە زمانی تریشدا هەیە (ڕەسوڵ، ٢٠١١ : ٢٧١ – ٢٧٢).

بەڵام بە پێی بۆچوونی (هۆگر مەحمود فەرەج) ((ئەم دەنگە بزوێنە، ئەلۆفۆنی ئـی (ی ــ آ) نیـیە و دەنگێکـی سـەربەخۆیە... ئەگەر دان بە واتییەتـی ی ئەو دەنگەدا دابنرێت، ئیتر ناکرێت پیتی نەبێت، بەڵام کە لە ئەلفوبێ عەرەبییەکەدا نییە، ئەمە کەلێنێکە و دەبێت چارەسـەر بکرێت، نەک پیتەکە پێویست نییە)) (فەرەج، ٢٠١٥ : ٤٠).

پەسەندکردنی هەریەک لە دوو بۆچوونە بە بڕیار دەبێت، چونکە ئەگەر وەک فۆنیم سەیرنەکرێت، ئەوا بڕگەکاریی کوردی پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە، دەبێت ددان بەوە دابنێین، کە بڕگەی فۆنەتیکیمان هەیە بەبێ بزوێن، دانانیشـی بە فۆنیم پێویستی بە گرافیمە و دەبێت ئەو گرفتە چارەسەر بکرێت.

٣. لەبـارەی (نـگ)یش هەنـدێک لە زمانەوانـان پێیـان وایە، کە لە شـێوەزاری سلێمانیدا فۆنیمە و دەبێت وێنە و گرافیمـی تـایبەتی لە نووسـیندا بـۆ دابنرێت (عەلـی، ٢٠١٤ : ل١٥٤)، لە بەرانبەریشـدا هەنـدێک لە زمانەوانـان بە فـۆنیمی دانانێن، بە نموونە (غازی فاتیح وەیس) لەو بارەیەوە، دەڵێت: ((دەنگی [نگ] لە زمانی کوردیدا بە فۆنیم لە قەڵەم نادرێت بەڵکو ئەلۆفۆنی فۆنی (ن)ەو لە هەنـدێ شـوێندا بەدی ئەکـرێ، بە تـایبەتی ئەگەر (ن) دوای (گ) هـات، بـۆ نمـوونە لە ووشـەی (لەنـگ) و (مەنـگ) و (تەنـگ)دا بەدی ئەکـرێ. هـۆی دروسـت بـوونی ئەلۆفـۆنی [نگ] لە زمـانی کوردیـدا ... ئەگەڕێتەوە بـۆ هـۆی میکـانیکی)) (وەیـس، ١٩٨٤ : ٦١ – ٦٢)، هەروەهـا (محەمـەد مەعـروف فەتتاح)یش ڕای وایە، کە ڕێنووسی کوردی ڕێگای ڕاستی و زانستی گرتووە، کە (نگ)یـان بە فۆنیم دانەناوە، چونکە ئەم دەنگە فۆنیم نییە، بەڵکو لە دوو دەنگـی [ن] و [گ] یـان [ن] و [د]، کە بە دوای یەکتـردا دێـن پێکهـاتووە، بـۆ سەلماندنی ڕایەکەشی ئەم بەڵگانە دەهێنێتەوە:

أ. کاتێک ئەم دەنگە [نگ] دەکەوێتە سنووری بـڕگەوە ئەوا لەت دەبێت و دەنگی [ن] دەپەڕێتەوە لەگەڵ بەشی پێشەوەدا دەڕوات، دەنگی [گ]یش لەگەڵ دواوە دەڕوات، بـۆ نمـوونە: (جەنـگ + ێـک) لە بڕگەکـانی (جەن) و (گێـک) پێکهاتووە یان (جەنگاوەر) لە (جەن) و (گا) و (وەر) پێکهاتووە.

ب. ئەم دەنگە لە ئەنجامی گۆڕینی دەنگدا دێتەکایەوە، واتە کاتێک دەنگی [د] و [گ] دەکەونەوە دوای دەنگـــی [ن]، وەک لە شـــێوەزاری ســـلێمانیدا لە وشەکانی (چەند، مەنگ و هۆمەرمەندان)دا، کەواتە ئەلۆفۆنی [ن]ەو، بە هـۆی یاسای فۆنەتیکییەوە دیاری دەکرێت.

پ. لە لایەکـی دیـکەوە ئەم تـوێژەرە پێـی وایە دانـانی ئەم دەنـگە [نـگ] بە فۆنیمێکی سـەربەخۆ شـێوەزاری سلێمانی لە شێوەزار و دیالێکتەکانی دیکەی کوردی جیادەکاتەوە.
(فتاح، ١٩٨٢ :٢٥٠ – ٢٥١)

٤. (ح) و (ع)یش ئەگەرچی هەردووکیان زارین و لە گەروودا دروست دەبن، هەروەها شێوەی گۆکردنیان وەک یەکە (خشۆکن)، تەنیا لەوەدا جیاوازن، کە یەکێکیـان (ع)ی ژێـدارە و ئەوەی دیکەیـان (ح)ی بـێ ژێـیە، واتە لە کـاتی دروسـتبوونیدا ژێـیە دەنگییەکـان نـالەرنەوە، لە فـۆنیمە کێشـە لەسـەرەکانی زمـانی کـوردین، بە جۆرێـک (عەبدولواحیـد موشـیر دزەیـی) و هاورێیەکـانی لەبەر ئەوەی لە وشـەی ڕەسـەنی کوردیدا بەرچـاو نـاکەون، بەڵکـو تەنیـا لەو وشانەدا دەبینرێن، کە لە زمانی عەرەبییەوە هاتوونەتە نێو زمـانی کوردییەوە و زۆرجـاریش دەگـۆڕێنەوە، پێیـان وایە، کە ناگونجێـت پـلەی فۆنیمیـان پـێ بـدرێت (دزەیـی + ئەوانـی دیـکە، ٢٠١٣ : ١٢٠)، هەروەهـا بۆچـوونیش هەیە پێی وایە ((دەنگـی (ح)... دەتـوانرێ بە ئەلۆفـۆنێکی دەنگـی (هـ) دابنـرێ و... دەنگی (ع) دەشی بکرێ بە هەمزە و وەکو هەمزە مـامەڵەی لەگەڵ بکرێ و لە لیسـتی پیتەکـان لابـدرێ)) (ڕەسـوڵ، ٢٠١١ : ٢٧٨)، چـونکە ئەم ئـاڵوگۆڕە لە هەندێک وشەدا ڕوودەدات، بە نموونە:

| | |
|---|---|
| عاسمان | ئاسمان |
| قورعان | قورئان |
| عایشە | ئایشە |
| عارەق | ئارەق |
| حەفتە | هەفتە |
| گوناح | گوناهـ |

بەڵام ئەم ئـاڵوگۆڕەش بە ڕەهـایی نیـیە، هەنـدێک وشـە هەیە، کە بە هـیچ شێوەیەک دەنگەکانی تێدا ناگۆڕێتەوە، بۆ نموونە:

کوردزمانێکمان نەبینیوە لە بری (حەج) بڵێت: (هەج) یا (هـاجی) لەبری (حـاجی) بەکاربهێنێت، هەروەهـا (عەبا) بکاتە (ئەبا)، یـان نـاوی (عوسـمان) بکات بە (ئوسمان) هەربۆیە هەندێک کەس پێیان وایە، ئەم فۆنیمانە ((لە نژادا کوردی بـووبن یـا لە ئەنجـامی کـارتێکردنی زمـانێکی تر کەوتبنە نـاوی گرنـگ نیـیە. گرنـگ ئەوەیە ئێسـتە بەشـێکی بنجیـی سیسـتەمی فۆنۆلـۆجیی زمـانی

كوردين)) (ئەمين، ٢٠٠٩ :١٥)، چونكە دياردەى پەيدابوون و ئاڵوگۆڕى فۆنيم و دەنگ لە نێوان زمانەكاندا دياردەيەكى سروشتييە، لە توانستى كەسيشدا نييە ئەم دياردەيە ڕابگرێت.

٥. لەبارەى دەنگى (خ) و (غ)يش، لەبەر ئەوەى لە ئاخاوتن و نووسينى كورديدا زۆرجار وشەيە بە يەكێك لەم دوو دەنگە بەكاردێن و دەنووسرێن، بۆيە دەكرێت دەنگى (غ) بە ئەلۆفۆنێكى (خ) دابنرێت، هەروەها لە نووسيندا هەموو (غ)يەكان بكرێنە (خ)، ئارەزووى چۆنيەتى گۆكردنيش بۆ قسەكەر بمێنێتەوە (ڕەسووڵ، ٢٠٠٤ :١٠)، ئەم بۆچوونەش لەوەوە سەرچاوەى گرتووە:
أ. بە گەڕان بە نێو زار و بنەزارەكانى كورديدا، كەمترين وشە دەدۆزينەوە بە ئاڵوگۆڕكردنى (خ) و (غ) واتايان بگۆڕێت، بۆ نموونە:
خەرين (پرخە پرخ) : غەرين (هەڵخەڵەتاندن)
ب. بە تێڕامان لە ديوان و بەرهەمى كۆنى نووسراوى كوردى بۆمان دەردەكەوێت، كە زۆربەى ئەو جۆرە وشانە بە (غ) نووسراون، بەڵام تا بەرەو سەردەمى نوێ بێين، ڕێژەى بەكارهێنانى (خ) لە بەرانبەر (غ)دا زۆرتر دەبێت، ئەويش بە هۆى ئەوەى (خ) دەنگێكى كپە و لە گۆكردندا سوكترە (ڕەسول، ٢٠١١ : ٢٦٤).
٦. هەروەها فۆنيمى (وو)ى درێژيش لە دوو ڕووەوە جێگەى قسە لەسەركردنە:
أ. ئەو گرافێم يا نيگارەى نارێكەى بۆى دانراوە، كە واوى كورت (و) دووبارە كراوەتەوە، كە لە ڕاستيدا ئەمە نادرووستە.
ب. كێشەيەكى ديكەى ئەويە، كە ((لە زانستى دەنگسازيدا نابێت دەنگێك دوو پيت بنوێنێت)) (تاهير، ٢٠١٢ : ٣٣) لەبەر ئەوەيە زۆرجار زمانەوانان تايبەت ئەوانەى، كە پێيان وايە لە سەرەتاى وشەدا دێت، يەكێك لە واوەكانيان بە نەبزوێن و ئەوەى ديكەيان بە بزوێن داناوە، كە لە ڕاستيدا ئەم واوە ((يەك دەنگە و نەشمان بيستووە كە يەك دەنگ دولەت بێ، ئەوە ئەلفباكەيە كە ئەم هەڵەيەى پێ كردووين و ناكرێ لە ڕێنووسەوە سەيرى دەنگەكان بكەين)) (عەلى، ٢٠١٤ : ٢٤٢).
پ. لە تايبەتى و خاسيەتە هەرە ديارەكانى فۆنيم ئەوەيە كە ببێتە هۆى گۆڕينى واتاى وشە، بەو واتايەى ((دوو دەنگى جياواز گەر بتوانن لە هەمان

بیئەدا دەرکەون و دەرکەوتنی هەریەکە لەم شوێنە تایبەتەدا مانای جیای بەخشی لە دەرکەوتنی ئەوی تردا ـ لە ناو چوارچێوەی زمانێکی تایبەتیدا ـ ئەوە ئەم دوو دەنگە سەر بە دوو فۆنێمی جیان و بە دوو فۆنێمی جیا لە قەڵەم دەدرێن لەم زمانەدا)) (ئەمین، ٢٠٠٩ : ١٠)، بەڵام گرفتی فۆنیمی (وو) لە زمانی کوردیدا ئەوەیە کە چالاک و بە بەرهەم نییە، لە ئەنجامی گەڕان و پشکنین تەنیا چەند وشەیەکی کەم بەرچاودەکەون، کە گۆڕینی (و)ی کورت و (وو)ی درێژ تێیاندا ببێتە هۆی گۆڕینی واتایان، لێرەدا چەند وشەیەک تۆماردەکەین:

| جووتە وشە | ماناکانیان[١] |
|---|---|
| خول : خوول | سوڕ (دەور) : قەڵەو |
| کول : کوول | چەقۆیەک، کە باش نەبڕێت : تەشتی نانکەران، تەویلە |
| کوڕ : کووڕ | منداڵی نێرینە : پشت چەماوە |
| قوڵ : قووڵ | ئەو بەشەی ئاش، کە باراشی تێدەکرێت یان کورت : پێچەوانەی تەنکە (عمیق) |
| قوم: قووم | تۆزێک (فرێک) ئاو : زیخی زۆر ورد (ڕەمڵ) |
| موچە : مووچە | مەعاش (راتب) : جۆرە زەوییەکی کشتوکاڵی بچووکە |

لە کردارەکاندا هەرگیز ڕۆڵی گۆڕینی واتا نابینێت، بەو واتایەی دوو کردارمان نییە، کە وەکو جووتە وشە بە گۆڕینی (وو) بە (و) تێیاندا واتایان بگۆڕێت، هەروەها لەم نموونانەشدا، جگە لە نموونەی (موچە : مووچە) و (قوم : قووم)، کە ناون، جوتە وشەکان سەر بە دوو بەشە ئاخاوتنن، بە جۆرێک یەکێکیان ناو و ئەوی دیکەیان ئاوەڵناوە، هەر ئەم ناچالاکی و سستیەتی لە زماندا، کەوای لە هەندێک زمانەوان و نووسەر کردووە، کە پێیان وایە: ئەم دەنگە زیاد لە پێویست گەورەکراوە، بە هەر شێوەیەک بنووسرێت کار لە گۆکردنی ناکات بۆیە بۆیە زۆر ئاسایی دەبێت، ئەگەر لە لیستی پیتەکاندا نەمێنێت و بکرێتە فۆنێکی ئەلۆفۆنی (و)، ئەمە جگە لەوەی بە

---

(١) بۆ مانای ئەم وشانە و ڕێکخستنی خشتەکە سوودمان وەرگرتووە لە:
✐ هەژار (١٣٦٩) ، هەنبانە بۆرینە/ فرهنگ کوردی ـ فارسی ، یک جلدی ، چاپ اول ، سروش ، تهران

لابـــردن و وازهێنـــانی له نووســـیندا كێشـــهیهكی ڕێنووســـی كـــوردی دهڕهوێنێتهوه[٢]، ههروهها گرفتی كیبۆردی یونیكۆدیشی پێ چارهسهر دهبێت.
٧. ههرچـی (ڕ)ی قهڵهویشـه، ئهوا بۆچوونێـك ههیه، ههر كاتێـك بكهوێـته سـهرهتای وشـهوه ئـاوا پێویسـت به نیشـانهی ژێـرهوهی (حهوتهكه) ناكـات، چونكه كورد به سهلیقه ئهو ڕێیه به قهڵهو دهخوێنێتهوه، ئهویش لهبهر ئهوهیه ئێمه هیچ وشـهیهكمان نییه به ڕێی سوک دهست پێ بكات (ئهمین، ١٩٨٢ : ٣٧٨)، بهڵام ئهمه تهنیـا بـۆ كـورد خـۆی وایه، دوای ئهوه تهنیـا بـۆ خـاتری ئهوهی كـورد دهمـی به (ر)ی قهڵهو ناكـاتهوه ((ڕاسـت نیـیه بچـین وێـنهی فۆنێمێكی تر له جێی دا بنێین، به تـایبهتی كه ئهو فۆنێمه وێنهی خـۆی ههبـآ، دانـانی وێـنهی فۆنێمێـك بـۆ فـۆنێمێكی تـر، نهك ههر پێـڕهوی نهكردنـی دهسـتووره سـهرهتایی یه ئاشـكراكانی زمـانهوانی یه، بهڵكـو پهیـداكردنی گرفتێكـی نـوێ یشـه)) (حـاجی مـارف، ١٩٨٢ : ٣٦)، ئهویـش لهبهر ئهوهی، ئهگهر ((دهنگێك له زمـانێكی دیاریكراودا له وشـهدا واتا بگۆڕێت، بهو دهنگه وات دهوترێـت، كه واتـیش ههبێـت، ئهوا له نووسـیندا پیتـی تـایبهتی بـۆ دادهنرێـت، كه پیتـی تـایبهتیش ههبـوو، ئیتـر له ههر كـوێیهكی وشــهدا بێـت، دهبێـت بنووسـرێت)) (فهرهج، ٢٠١٥ : ٤٤) دهبێـت ئهوهشـمان لهیـاد بێـت، كه ((دانانی سهر و بۆر و ژێر یا دوپات كردنهوهی نیشـانه ههروهك دانـانی تیپ وایه، به واتـایهكی تـر، ههموویـان ههرنیشـانهن)) (فتـاح، ١٩٨٢ : ٢٥١) ئهمه جگه لهوهی كاری لهم جۆره فێربوونی زمـانی كوردی بۆ منداڵان و كهسـانی بێگانه ئاڵۆز دهكات.

ئهمـانه له كێشـه دیارهكـانی ئهلفبێی كوردین، بهڵام ئهوهی گرنگ بێت له بـارهی ئهلفبێـوه ئهوهیه، پێویسـه دوو كێشـه له یهك جیـابكهینهوه، ئهوانـیش كێشهی ئهلفبێ و ڕێنووسه.

به بۆچوونی ئێمه ئهو ئهلفبێیهی ئێستا له ههرێمـی كوردستاندا بهكاردێت، ههروهك ئاماژهمـان بـۆی كـرد به بهراورد لهگهڵ ئهلفبێـی زمانهكـانی دیـكه گرفتی كهمتره، ئهوانهشی كه ههن دهكرێت چارهسهر بكرێن.

---

(٢) بۆ ئهم بۆچوونه بڕوانه ههریهكه له: ✐ عهلی ، بهكر عومهر + ئهحمهد ، تریفه عومهر (٢٠٠٥) ، فۆنیمی (و)ی درێژ له زمانی كوردیدا، گۆڤاری زانكۆی سلێمانی ، ژماره (١٥)ی شوباتی ٢٠٠٥ ، ل ٧ – ١٨.

✐ ڕهسوڵ ، عهبدوڵلا حوسێن (٢٠١١)، به كام ئهلفوبێ بنووسین؟ ـ لێكۆڵینهوهیهكی دهنگسازییه ، گۆڤاری ئهكادیمیای كوردی ، ژماره (٢٠) ، چاپخانهی حاجی هاشم ، ههولێر، ل ٢٥١ – ٢٩٠.

کێشـەی سـەرەکی ئێمە لە هەرێمـی کوردسـتاندا کێشـەی ڕێنووسـە، ئەو بێسـەرەوبەرەیییەی ئەمڕۆ لە ڕێنووسـی کوردیدا بەدی دەکرێت، بە جۆرێک هەر کەس و دەزگـا و ڕۆژنـامە و گۆڤـار و تەلەفزیۆنێک...تـاد. بە جۆرێـک دەنووسـێت، باوەڕنـاکەین لە هـیچ شـوێنێکی دنیـادا هەبێـت، کە ئەمەش ئاریشـەیەکی گەورەیە، چ بـۆ داهـاتووی زمانەکەمـان، چ بـۆ بنـاخەی زمـانی ئەلیکترۆنیـی کـوردی، کە لە ئێسـتادا لە هەنگـاوە سـەرەتاییەکانی دایە و، خۆشـبەختانە لە ئێسـتادا بـووەتە یەکێـک لەو زمانـانەی کە لە ڕێـگەی (گوگـڵ)ەوە دەتوانێـت وشـەکانی وەربگێڕێـت، بەڵام جۆراوجـۆری نووسـین گرفتێکی سەرەکی دەبێت بۆی و پێویستی بە چارەسەرە، چونکە گونجاوترین و باشترین ڕێنووس لە ئەنتەرنێت و تەکنەلۆژیادا ئەوەیە، کە زۆرتر لە لایەن بەکـارهێنەرانەوە نووسـراوە، ئەگەر هەڵەش بێـت، بـۆیە پێویسـتە حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان بە تـایبەتی ئەکادیمیـای کـوردی خـۆی بە خـاوەنی زمـانی کـوردی بزانێـت و کـاری زیـاتر لەسـەر ڕێنووسـی کـوردی بکـات، هەروەهـا هەوڵدات کۆنفرانسێکی دیکەی فرەوانتر بۆ ئەو ڕێنووسەی کە سـاڵانی پێشـوو پێشنیازی کردبوو سازبکات، تاوەکو یاسا و دەستوری تایبەتی بـۆ دابنرێت و ئەو گرفتانەشـی مـاون بخـرێنە بەر بـاس و تـوێژینەوە، دوای کۆنفرانسـەکەش ڕاسـتەوخۆ ئەکادیمیا بە نووسـراوێکی فەرمـی ڕاسـپاردەکانی کۆنفرانسـەکە لە بارەی ڕێنووس و ئەلفبێـوە بـۆ هەمـوو دامودەزگا پێوەندیدارەکانی حکـومەتی هەرێم و سـەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردسـتان و دەسـتەڵاتی دادوەری بنێرێت و، پابەندی بەکارهێنانی ڕێنووس و ئەلفبێیە پێشنیازکراوەکەیان بکات.

**دووەم: لایەنی زاراوەسازی** (Terminology Aspects)

یەکێکـی دیـکە لەو کێشـە و گرفتـانەی لەم سـەردەمەدا ڕووبەڕووی میللەتـان و دەوڵەتـان دەبێـتەوە، کێشـەی زاراوەیە، ئەویـش بەهـۆی ئەو پێشکەوتن و گەشەسەندنە خێرایانەی کە لە بوارەکانی زانست و تەکنەلۆژیا و گشت بوارەکانی دیکەی ژیاندا هەیە، کە هۆی سـەرەکیی زیـادبوونی چەمک و واتاکـانە، بە جۆرێـک تـاوەکو ژیـان بەرەوپێشـتر بڕوات واتاکـان بـێ سـنورتر دەبن، بە ڕادەیەک وشەکانی زمان بەشیان ناکات، بۆیە ڕۆژانە سەدان و بگرە هەزاران زاراوەی نـوێ لە گشـت بـوار و زانسـتەکاندا پێویسـت دەبـن، چـونکە بەهۆی ((ئەو پێشکەوتنە خێرایانە، وا پێویست دەکات، بۆ هەر چەمکێکی ئەو بوارانە زاراوە دابنرێ و، لێکۆڵینەوە و کـاری یەکخسـتنی بـۆ بکرێت)) (تـاهیر،

٢٠١٢ : ١٠١). جا دەوڵەتان، كە سەدان ساڵە خاوەن قەوارەی سەربەخۆن و خزمەتی زۆری زمانەكانیان كردووە، گیرۆدەی دەستی زاراوەی نوێ بن و بە پێی پلان كار لە زاراوەسازیدا بكەن، ئەی ئێمەی كورد لەم ڕووەوە دەبێت چی بكەین و چۆن هەنگاو بنێین؟ بە دڵنیاییەوە بۆ كاركردن لە بواری زاراوەسازیدا و چارەسەركردنی كێشەی زاراوە، هاوشێوەی وڵاتان دەبێت پلانمان هەبێت، كە دواتر باسی دەكەین.

بەر لەوەی بچینە سەر ڕێگاكان و چۆنیەتی دروستكردنی زاراوە، پێویستە كورتەیەك لە بارەی ئەركی زاراوەسازی و مێژووی زاراوەسازیی كوردییەوە بخەینەڕوو، زاراوەسازی یا زاراوەزانی، وەك بابەتێكی گرنگی زمانەوانی دوو لایەن دەگرێتەوە، یاخود دوو ئەرك جێبەجێ دەكات، كە بریتین لە:

١. دەربڕینی زاراوە: ئەو هێما زمانییە تایبەتییانەن، كە لە پیشەیەك یان هونەرێك یان زانستییەك یاخود بابەتێكی دیكەدا بەكاردێن.

٢. ناولێنان: ئەمەیان زۆتر مەیدانی خوێندن و توێژینەوەیە، بۆ نموونە: لە مەیدانی ناونانی ڕەگەزە ئەدەبی و میتا زمانییەكان، یاخود ناونانی ماددە كیمیاییەكان و ڕووەكەكان و گیانلەبەراندا (غەریب، ٢٠١٢ : ١٢).

بە شێوەیەكی گشتی زاراوەسازی، لە نێو گەلی كورددا بە ڕێگایەكی ناهەمواری پێشكەوتندا تێپەڕیوە، بایەخێكی زۆری پێ نەدراوە، هەروەها كەمترین وتار و نووسین و توێژینەوەی لە بارەوە نووسراوە، هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی، كە مێژووی زاراوە لە زمانی كوردیدا بە مێژووی پێشكەوتنی زمانی كوردییەوە پەیوەست بێت (عبداللە، ٢٠٠٧ : ١٤)، تەنانەت ئەگەر لەبەر تیشكی مێژوو بڕوانینە تەمەنی زاراوەكانی ئەمڕۆی زمانەكەمان، سەرچاوەكانیان بە شێوەیەكی ڕێكوپێك دیاری بكەین، ئەوا دەبینین:

١. سەرچاوەی سەرەكی و گشتییان لە فەرهەنگ و فەرهەنگۆكە تاكە كەسییەكان پێكهاتووە.

٢. لەگەڵ سەرچاوە تایبەتی و پسپۆڕییەكان، كە كتێب و ناملیكە و توێژینەوە زانستییەكانی ئەم ساڵانەی دوایی دەگرێتەوە.

٣. هەروەها بەشێك لەو لیستە سەربەخۆیانەی تایبەتن بە دانان و ئامادەكردنی زاراوە (بۆ نموونە: چوار لیستەكەی زاراوەكانی كۆڕی زانیاری). (البصیر، ١٩٧٨ : ١٠٦ – ١٠٧)

بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا، هەر چۆنێــک بێــت دەتــوانین بڵێــین: لە ئێســـتادا زاراوەسازیی کوردی، دوو قۆناغی بڕیوە:
قۆنـاغی یــەکەم: پەیـدابوونی دێرین و بنجـی، کە لە نـاخی زمـانی کـوردییەوە هەڵقوڵاوە و چەسپاوە.
قۆنــاغی دووەم: قۆنــاغی دانــان و ســازکردنی زاراوە، لە ڕێــگەی ڕێبــاز و یاساکانەوە. (عەبدول، ٢٠٠٨ : ٦٤)

لە ڕاسـتیدا قۆنـاغی دووەم، ((هەمـوو ئەو چالاكیـانەیە، کە پێوەنـدییان بە کـۆکردنەوە و شـیکردنەوە و ڕێکخسـتن و دۆزیـنەوەی هاوواتـا (مـرادف) و پێناسـینی زاراوە هەیە)) (غەریـب، ٢٠١٢ : ١٧)، بە ئامـانجی دەوڵەمەنـدکردنی فەرهەنگی زمان و پڕکردنەوەی ئەو کەلێن و بۆشـاییيانەی تێیـدایەتی، ئەمەش بە شێوەیەکی گشتی لە دوو ڕێگای سەرەکییەوە دەکرێت:

## ڕێگەی یەکەم: دانان و پێکهێنانی زاراوە

زمـانەوان و زانایـان لەسـەر ئەوە هـاوڕان، کە هەمـوو زمـانێکی زینـدوو پێویستی بە گەشەکردن و بەردەوامی هەیە، ئەمەش بە بەکارهێنانی کۆمەڵێک ڕێبــاز و یاســای تــایبەتی وشەســازی و واتــایی دەکرێــت، بــۆ پێکهێنــان و دروسـتبوونی و وشــە و پێکهـاتەی زمـانەوانیی نـوێ بە ئامـانجی دەربـڕین و ناونـانی کەرەسـتە و چەمکەکـانی سـەردەم، کە بەردەوام هەڵدەقوڵێن و هەتـا دێت پتر دەبن (هــ . س . پ، ٢٤)، چـونکە ناكرێت شت و دیاردە نوێیەکـان بـێ نـاو بمێننەوە، ئەمەش لە ڕێگەی قسـەپێکەرانی زمـانەکەوە بە تـایبەتیش ئەوانەی کە لە بوارێکــدا پســپۆڕ و شـــارەزان بە پشـــت بەســـتن بە یاســـا زمانییەکان و ڕێگا جۆربەجۆرەکانی سازکردنی زاراوەوە دەبێت.

زمانی کوردیش هەر لە کۆنەوە ڕووبەڕووی لێشـاوێکی گەورەی چەمـک و دیاردەکان بووەتەوە و سـەدان دیـاردەی نـوێ هـاتوونەتە نێویەوە، ئەمەش بەهــۆی کـرانەوەی وڵاتەکەمـان بە ڕووی جیهـان و، بـوونی زمانەکەمـان بە زمـانی پەروەردە و فێرکـردن و کـارگێڕی و یاسـادانان و زمـانی دادگەری و تەکنەلۆژی و...تـاد. چونکە تـاوەکو لە ژیـان و شارسـتانیەتەوە نزیـک بینەوە، پێویستمان بە زاراوەی نـوێ دەبێت، ئەوەی جێگەی دڵخۆشـی بێت لە بـواری زاراوەسـازیی کوردیدا، ئەوەیە کە زمـانی کـوردی لە کۆنـدا بێگومـان بەرانـبەر بە دانـانی زاراوە وەک ئەمـڕۆ نەبـووە، چـونکە وەک ئاماژەمـان بـۆی کـرد، زمـانی کـوردی لە ئێسـتادا بە قۆنـاغێکی مەزنـی گەشەسـەندن و پەرەپێـدان

دەڕوات، ئەم پێشکەوتنەش وا پێویست دەکات، کە بایەخ بە بنەماکانی دانانی زاراوەی زمانی کوردی زیاتر بدرێت و لە پێکهاتەکانی بکۆڵدرێتەوە (تاهیر، ٢٠١٢ : ٢٣٢).

خزمەتکردنی زمانی کوردی و دەوڵەمەندکردنی بە زاراوەی جۆراوجۆر بۆ گشت دیاردە و پێداویستییەکان، لە چەندین ڕێگاوە دەبێت، لە گرنگترین ڕێبازەکانی دانان و پێکهێنانی زاراوەی کوردی: داڕشتن، لێکدان، ئاوەڵواتا، وەرگێڕان، کورتکردنەوە، ئەکرۆنیۆم، زرەڕێژ، ئاوێتەکردن، فرەواتایی و کرتان و کۆکردنەوە و ... تاد.

بەو واتایەی لە ڕێگەی ئەم ڕێبازانەو و چەندانی دیکەوە دەتوانین زمانەکەمان بە زاراوەی جۆربەجۆر دەوڵەمەند و پاراوبکەین، بەڵام سنووری باسەکەی ئێمە ڕێگەنادات یەکە یەکەیان بخەینە بەر باس و توێژینەوە[٣].

## ڕێگەی دووەم: وەرگرتنی وشە و زاراوە لە زمانانی دیکەوە:

ئەم ڕێگەیە، لە نووسین و بەرهەمە کوردییەکاندا بە (وەرگرتن، خۆماڵیکردن، کوردانـدان، کوردێنراو، گونجاندن، گونجێنراو، قەرزکردنی زمانەوانی، قەرزکردنی زاراوە، خواستن و گواستنەوی زاراوە...تاد.) باسکراوە، مەبەستیش لێی ئەوەیە، وشە و زاراوەی زمانێکی دیکە، بە بێ گۆڕین، یا بە گۆڕینێکی تایبەتیی ئەوتۆوە، کە لەگەڵ دەستووری دەنگسازی و وشەسازی زمانی کوردیدا بگونجێت، وەربگیرێت و بگوێزرێتەوە بۆ نێو زمانی کوردی (غەریب، ٢٠١٢ : ٢٨)، ئەمەش لە هەموو زمانێکدا ڕێبازێکی سەرەکی دانان و سازکردنی زاراوەیە، هەروەها کارێکی ڕەوایە بۆ پڕکردنەوەی کەلێن و نەبوونییەکانی فەرهەنگ و، زۆربەی زمانەوانەکان لە بارەیەوە هاوڕا و کۆکن و، نکۆڵیان لەم پرۆسەیە نەکردووە، چونکە ئەم کارە لە سەردەمی کۆن و نوێدا هەبووە، هەروەها هیچ گەلێکیش بە سەربەخۆیی و

(٣) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردی، بڕوانە

✐ عبداللە ، ڕۆژان نوری (٢٠٠٧) ، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی ، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا ، چاپی یەکەم ، سلێمانی.

✐ تاهیر ، شەهاب شێخ تەیب (٢٠١٢) ، بنەما و پێکهاتەی زاراوە لە زمانی کوردیدا ، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ، چاپخانەی کەمال ، سلێمانی.

✐ دزەیی ، عەبدولواحید موشیر (٢٠١١) ، لێکسیکۆلۆجی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ماردین ، هەولێر.

دوور لە میللەتــان ناژیێــت، دوای ئەوە هــیچ میللەتێکــیش بە بــوونی چەنــد وشەیەکی بێگانە لە زمانەکەیدا تووشی گرف نەبووە و، نابێت (عبداللـه، ٢٠٠٧ : ١٢٩ – ١٣٠)، چـونکە خواسـتن و وەرگرتنـی وشــە و زاراوەی زمانێـک لە لایەنە زمـانێکی دیکەوە ((دیـاردەیەکی مێژوویـی و کولتـووری و سیاسـیی و جیهـانییە. هـیچ زمانێـک نیـیە سـەدان وشـەی لە زمانـانی دەوروبەری یـان زمانـــانی جیهـــان وەرنەگرتبێـــت)) (میراودەلـــی، ٢٠٠٧ : ١٣٥)، واتە: تێکەڵاوبــوون و پێوەنــدیی نێــوان میللەتــان دەبێــتە هــۆی گواســتنەوە و دەوڵەمەنــدبوونی زمانەکانیشــیان، بــۆیە نابێــت هەســتیاربن بەرانــبەر ئەم دیـاردەیە و پێیـان نـاخۆش بێـت، کە وشـە و زاراوەی بێگـانە وەربگـرن و لە زمانەکەیانـدا بەکاریـان بهێـنن، بە تـایبەتیش ئەو زاراوانەی لەبەر پێویسـتی زمانی خۆمـاڵی و بواری و ڕۆشنبیری وەردەگیرێن، لە زمـانی کوردیشـدا، بە شێوەکی گشتی زاراوەی وەرگیراو دەگەڕێتەوە بۆ:

زاراوەی وەرگیراو ← دراوسێ ← لە زمانەکانی: عەرەبی، فارسی، تورکی

زاراوەی وەرگیراو ← جیهانی

وشە و زاراوەش لە هەریەکێک لەو سەرچاوانە بە پێی چەند بنـاخەیەک هاتوونەتە نێو زمانی کوردییەوە، بەم شێوەیە:

**وەرگرتنی بەبێ دەستکاری:**

لەم جۆرە وەرگرتنەدا ناوی هەندێک شت و دیـاردە، کە لای ئێمە نەبوون وەک خۆیـان و بەبێ دەسـتکاری هـاتوونەتە نێو زمانەکەمـانەوە، لە نموونەی ئەم زاراوانە: حەج، زەکات، مەسەج، پۆک، لایک، شەیر... تاد.

**وەرگرتنی کودێنراو یا گونجێنراو:**

لێرەدا دوای ئەوەی وشـە و زاراوە وەرگیراوەکـان خـراونەتە ژێر ڕکێفـی زمانی و ڕێنووس و فۆنەتیکی کوردییەوە، بەو واتایەی خۆمـاڵی کراون، ئنجـا لە زمانی کوردیدا بەکارهێنراون، بە نموونە:

(طيارة)ی عەرەبی، کراوە بە (تەیارە)

(بایسکل)ی ئینگلیزی، کراوە بە (پاسکیل)

ئەمەی پێشــوو دوو ڕێگــا ســەرەکییەکەی بەرهەمهێنــانی زاراوەبــوون (بەرهەمهێنــان و وەرگـرتن)، هەریەکە لەم ڕێگایـانەش دەکرێـت بە شـێوەی هەڕەمەکی و سـەربەخۆ، یـا بە پێی پلانسـازیی زمـان ئەنجام بدرێن (لـویس جان، ٢٠٠٨ : ٣٢٧)، لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە هەردوو شێوازەکە لە زمانی کوردیدا دەدەین:

## أ. شێوازی هەڕەمەکی و سەربەخۆ:

بە هــۆی بــارودۆخی تــایبەتی وڵاتەکەمــانەوە، ئــێمەی کــورد لە هــیچ ڕوویەکەوە بۆمـان نەلـواوە بـایی پێویسـت، بگـرە دەیەکـی پێویسـت، ئامـادەی زاراوەسـازی بـین، تەنیـا سـۆز و خۆشەویسـتی وای کـردووە لێـرە و لەوێ مێرخاسـێکی کـورد بە ئەرکـی مـادی و بە ڕادەی لێهـاتوویی خـۆی خەریکـی گرتنـی بەشـێکی ئەو کەلێـنە زلەی زاراوەی کـوردی بووبێـت و، خزمەتێکـی کردبێـت (مــحەمەد، ٢٠١١ : ٨)، بــۆیە لە هەر کــات و شــوێنێک قســەکەرانی زمان، یاخود نووسەران و توێژەران لە ژیانی ڕۆژانەیاندا ڕووبەڕووی بارێک بــوونەتەوە، کە لە زمــانی کوردیــدا زاراوەیەک نەبــووە بــۆی بەکــاربهێنن، بە ناچاری وشـەیەک یان زاراوەیەکیـان لە زمـانێکی دیکەوە وەرگرتـووە، یـاخود بە یەکێک لە یاساکان زاراوەیەکیان بەرهەمهێناوە، بۆنموونە:

وەرگرتنـی وشــەی (پـارک) لە (parking)ی ئینگلیـزییەوە دوای خسـتنە ژێــر کــاریگەریی زمــانی کــوردییەوە، هەروەهــا ڕۆنــان و دیــاریکردنی (نیشتماننامە) لە بریتی (جنسیة)ی عەرەبی، یان (بڵندڕۆ) بۆ (مصعد).

گومانی تێدا نییە، کە زۆربەی زاراوە کوردییەکان بەم شێوازە وەرگیراون و داهێنـراون، بـۆیە زۆرینـەی هەوڵەکـان بە تـاکە کەسـی و هەڕەمەکـی هەژمـار دەکــرێن، تەنیــا لە ئەنجــانی هەســتکردن بە بەرپرســیاریەتی مێژوویــی و نەتەوەییەوە بەرهەمهاتوون، هەندێکجاریش ئەم ڕێگایە بووەتە هـۆی ئەوەی زیــاتر لە زاراوەیەک بــۆ دیــاردە و بابەتێــک هەبێــت، بەڵام لە ڕۆژگــاری ئەمڕۆمانـدا ئەم کـارە بە هەڕەمەکـی و، لە لایەن تاکەکەسـەوە ناکرێـت، تەنیـا هەستکردن و خستنەڕووی کێشەکان لە ئەستۆی ڕۆشنبیران و توێژەراندایە، چارەســەرکردن و خزمەتکردنــی دەکەوێــتە ئەســتۆی حکــومەت و سیاســەتی زمان، لە ڕێگەی پلان و بەرنامەی دیاریکراوەوە.

## ب. بە پێی پلانسازیی زمان:

لەم شێوازەدا پڕکردنەوەی کەلێن و بۆشاییییەکانی فەرهەنگی زمان، بە پێی سیاسەتێکی زمانی و لە لایەن دەزگای ئەکادیمی و پسپۆڕەوە دەبێت، چونکە لە ڕاستیدا زاراوەسازی کاری لیژنەیە، بۆیە ئەوانەی زاراوەی زانستی دادەنێن، پێویستە پسپۆڕی زمانەوانی و ئەو زانستەی تێدا بێت، کە زاراوەکەی بۆ دادەنێن (بوطاجین، ٢٠٠٩ : ٥٧)، هەروەها لە وەرگرتنی زاراوەدا دەبێت دەزگا و لیژنەی تایبەتی ئەم کارە بکات و، ئەزموونی وڵاتان و ڕێژەی وەرگرتن لەبەرچاو بگیرێت.

لە بارەی زمانی کوردی و چارەسەرکردنی کێشەی زاراوە، ئەکادیمیای کوردی تاکە دەزگای پێوەندیدارە بۆ دانان و وەرگرتنی زاراوە، لەبەرئەوەی لە ئەکادیمیا لیژنەیەکی تایبەت بە ناوی لیژنەی زاراوە هەیە، ئەگەرچی ئەم لیژنەیە تاوەکو ئێستاکە وەکو پێویست بە کاری خۆی هەڵنەستاوە و، بایی پێویست کاری لەسەر زاراوە نەکردووە، بەڵام دەکرێت لەمەودوا ئەو لیژنەیە چالاک بکرێت، چونکە یەکخستنی زاراوە هەوێنی بنیادنانی یەک زمانی زانستییە، هەروەها جگە لە ئەکادیمیای کوردی، کە پێویستە وەک دەزگایەکی ئەکادیمی و دەستەڵاتداری بێلایەن کاربکات، دەبێت:

١. (تیۆری گشتی زاراوەسازی) و بنەماکانی زاراوەسازی بە زمانی کوردی بخوێندرێت.

٢. دروستکردنی بانکی زاراوە، وەک دەزگا و دامەزراوەیەکی سەربەخۆ.

٣. هاندانی توێژینەوە و نووسین لە مەڕ بابەتی تیۆری گشتی زاراوەسازی و تیۆری تایبەت بە زاراوەکان. (عبدالله، ٢٠٠٧ : ١٧ – ١٨).

هەروەک پێشتریش ئاماژەمان بۆی کرد، پێویستە ئێمەش سەرباری جێبەجێکردنی ئەم هەنگاوانەی پێشوو وەکو وڵاتان بەپێی پلان و بەرنامەی دیاریکراو کار لەسەر زاراوە بکەین، هەروەها دەگونجێت لەم ڕوووە سوود لە ئەزموون و پلانی وڵاتان، بە تایبەتی وڵاتێکی وەکو (فەڕەنسا) وەربگرین، بەم شێوەیە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە سەرپەرشتی ئەکادیمیای کوردی لیژنەی گشتیی بەرهەمهێنان و وەرگرتنی زاراوە لە هەموو وەزارەت و دەستەکان و دامەزراوە ئەکادیمییەکان پێکبهێنێت، بە جۆرێک پێکهاتەی لیژنەکان لە پسپۆڕانی بوارە جیاوازەکان و زمانی کوردی پێکهاتبێت،

هەروەها دەبێت لیژنەکان بە بەردەوامی چاودێری ڕەوتی پێشکەوتنی زانستی و داهێنان و توێژینەوە بن، بۆ ئەوەی کاتێک شتێکی نوێ دێتە کایەوە، یاخود دەدۆزرێتەوە پێش ئەوەی بگاتە دەستی خەڵک و بازاراوە ناوی لێ بنرێت و زاراوەی بۆ دابنرێت.

هەروەها لیژنەکە دەبێت بەم شێوەیەی خوارەوەش کار بۆ پێکهێنان و وەرگرتنی زاراوەکە بکات، تاوەکو کەرەستە و دیاردە نوێیەکان بێ ناو و زاراوە نەمێننەوە:

١. سەرەتا لە زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی و بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان و سەرچاوەی دیکەدا بە دوای وشە و زاراوەدا بگەڕێن.

٢. ئەگەر لەو سەرچاوانەی پێشووەوە وشەی لەبار و گونجاویان دەست نەکەوت، ئەوا دەبێت لیژنەکە پەنا بۆ یەکێک لەم دوو ڕێگایان ببات:

ـــ بە پشت بەستن بە یاسا ڕێزمانییەکانی زمانی کوردی، لە ڕێگەی دارشتنەوە بێت، یا لێکدان، یاخود هەر ڕێگەیەکی دیکەی بەرهەمهێنانی زاراوە بێت، زاراوەیەکی نوێ بۆ کەرەستە بەرهەمهاتووەکە دابنێت.

ـ خۆ ئەگەر نەیانتوانی زاراوەی گونجاوی بۆ دابرێژن، ئەوا دەبێت، بە پێی چەند بنەمایەکی واتایی و زاراوەسازیی [٤] پەنا بۆ ئەو زمانانە ببەن، کە لە زمانی کوردییەوە نزیکن و زاراوەیان لێوە وەربگرن. دیارە نزیکترین زمانیش لە کوردییەوە زمانی فارسییە، ئەمە جگە لەوەش، کە زمانی فارسی خزمەتێکی زۆری کراوە، دەکرێت وشە و زاراوەی زۆری لێ وەربگرین، بێ گوێدانە ئەو بۆچوونەی کە پێی وایە لەبەر ئەوەی فارس هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە کە زمانی کوردی بکاتە بەشێک یا شێوەیەک لە زمانەکەی، نابێت زاراوە و وشەی لێوە وەربگرین.

(٤) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم بنەمایانە، بڕوانە:

✎ نەبەز ، جەمال (١٩٧٦) ، زمانی یەکگرتووی کوردی ، بڵاوکراوەی یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ، بامبێرگ ، ئەڵمانیا، ل ٧٦ – ٧٧.

✎ عبدالله ، ڕۆژان نوری (٢٠٠٧) ، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی ، چاپی یەکەم ، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا ، سلێمانی، ل ١٣٨ – ١٣٩.

✎ تاهیر ، شەهاب شێخ تەیب (٢٠١٢) ، بنەما و پێکهاتەی زاراوە لە زمانی کوردیدا ، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ، چاپخانەی کەمال ، سلێمانی، ل٢٦٦ – ٢٦٩.

✎ البصیر ، کامل حسن عزیز (١٩٧٨)، زاراوەی کوردی ، کۆلێجی ئاداب ، بەشی زمانی کوردی ، بۆساڵی یەکەم، ل٥٢– ٥٦.

هەرکاتێکیش لە زمانی فارسیدا زاراوەیان دەست نەکەوت، دەبێت پەنا بەرنە بەر ئەو زمانانەی، کە لەگەڵ زمانی کوردیدا سەر بە یەک خێزانە زمانن، لەم ڕووەشەوە زمانی ئینگلیزی باشترین و گونجاوترین سەرچاوەیە.
ئەمە سەربارەی ئەوەی لە زاراوەسازیدا، ئێمەی کورد دەکرێت سوود لە زمانی عەرەبیش وەربگرین، چونکە جگە لەوەی زمانی عەرەبی لەگەڵ زمانی کوردیدا دوو زمانی فەرمین لە کۆماری عێراقی فیدراڵدا، لە هەمان کاتدا زمانی قورئانی پیرۆزە و خزمەتێکی زۆریشی کراوە.
لێرەدا بە پێویستی دەزانین، ئەوەش بڵێین: لە زاراوەسازییدا بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی زانستی و ورد هەوڵی دانان و هەڵبژاردنی زاراوەی نوێ بدەین دوو ماف هەیە، کە پێویستە، بۆ سەرکەوتن و ڕۆیشتنی زاراوە لە نێو خەڵکیدا لەبەرچاویان بگرین:

**مافی زمان:**

مەبەست لە مافی زمان ئەوەیە، کە دەبێت لە کاتی بەرهەمهێنان و وەرگرتنی وشە و زاراوەی نوێدا پابەندی یاسا ڕێزمانییەکانی زمانی کوردی بین و سەلامەتی زمانەکەمان بپارێزین.

**مافی ئاخێوەران:**

ئاخێوەرانی زمان، خۆیان داهێنەر و داینەمۆی پێشکەوتنی زمانن، ئەو وشە و زاراوە نوێیانەی کە دادەهێنرێن، جێگەی خۆیان لە نێو خەڵکیدا ناگرن و ناڕۆن، ئەگەر ئەوان تێیدا بەشدار نەبن و، لەگەڵ سەلیقەیاندا نەگونجێن (لویس جان، ٢٠٠٨ : ٣٣٧).
بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە، لەم ساڵانە دواییدا چەندین زاراوەی نوێ پێشنیاز کران، بۆ نموونە (هەڵبەست) بۆ (شیعر) و (هەستیار) بۆ (شاعیر) و (پێنووس) بۆ (قەڵەم) و (پەندیار) (حەکیم) و (پەندیاری) بۆ (حیکمە) و ... تاد.
هەندێک لەم زاراوانە ئەگەرچی لە لایەن کۆڕی زانیارییەوە پێشنیازکراون، کەچی تا ئێستاش خەڵک زیاتر بە زاراوە عەرەبییەکان ئاشنان و بەکاریان دەهێنن، بۆیە مەرج نییە بە تەنیا کاری لیژنە و بوونی مەرجی یاسا زمانییەکان ببێتە هۆی ڕۆیشتن و جێگیربوونی زاراوەکە، بەڵکو سەرەنجام ئەوەی بڕیار لەسەر پەسەندکردنی دەدات خەڵکە، کە ڕەنگە وەری بگرن و بەکاری بهێنن، دەگونجێت پەسەند نەکرێت و بە نوێباوی بمێنێتەوە... .

**سێیەم: لایەنی فەرهەنگسازی و فەرهەنگ** (Lexicography and Lexicon Aspects)

فەرهەنگسازی، یەکێکە لە بوارە سەرەکی و گرنگەکانی زمانەوانی کارەکی، کە بە واتای ئامادەکردن و نووسینەوەی وشەنامە یا فەرهەنگ دێت (مەحوی، ٢٠٠١ : ١٤٤)، فەرهەنگیش گەنجینە و تۆمارگەیەکە، بۆ تۆمارکردن و پاراستنی وشەکانی زمان، کە جگە لە ڕیزکردنیان لێیان دەتوێژێتەوە و واتایان ڕوون دەکاتەوە و، ڕوونکردنەوە و پێزانین لە بارەی چۆنیەتی درکاندن و بە دەمداهاتن و نووسینیان، لەگەڵ مێژووی پەیدبوونیانەوە (ئیتمۆلۆژیا)...تاد. دەدات، ئامانجی سەرەکیشی ناساندنیانە بەو کەسانەی زانین و شارەزاییی تەواویان لە وشەدا نییە (حاجی مارف، ٢٠٠٤ : ٢٦١)، بە واتایەکی دیکە نەوەی نوێ بە وشەی کۆن و نوێی زمانەکەی ئاشنا دەکات، هەروەها زمانیش لە شێواندن و لە نێوچوون دەپارێزێت. یاخود دەتوانین بڵێین: فەرهەنگ سەرچاوەیەکی زمانییە، دەروازە و شیکردنەوە لەخۆدەگرێت، لەڕووی جۆریشەوە لەوانەیە مێژوویی یا وەسفی یاخود پێوانەیی بێت، هەروەها دەگونجێت یەک زمانی یا دوو زمانی یاخود چەند زمانە بێت (الخولی: ١٩٨٦، ٣٢).

فەرهەنگ بە یەکێک لە کۆڵەگە سەرەکییەکانی زمان و نەتەوە دادەنرێت، ڕادەی پێشکەوتن و شارستانی هەر گەل و میللەتێکیش بەندە بە فەرهەنگی وشەکانییەوە، تەنانەت دەبێتە سەنگی مەحەک و زمانی نەتەوەکەی پێ هەڵدەسەنگێنرێت، چونکە خەرمانی وشەی گشت لق و پۆپ و شێوە جۆربەجۆرەکانی زمان گرد دەکاتەوە و، زانیارییان لە بارەوە دەدات، هەروەها نەتەوە چەند فەرهەنگی (وشەنامە ــ قاموس) هەبێت، هێندە زمانەکەی دەوڵەمەندتر دەبێت، نەتەوەی بێ فەرهەنگیش بە نەتەوەیەکی هەژار و ناهۆشیار دەژمێررێت، بۆیە هەموو نەتەوە (هۆشیار، پێشکەوتوو و خاوەن توانست و بە دەستەڵات)ەکان لە کۆنەوە تا ئەمڕۆکە هەوڵێکی زۆریان داوە، تا چەندین فەرهەنگی جۆربەجۆر دابنێن، بە جۆرێک لە هەندێک لە زمانە زیندووەکانی دنیا ژمارە فەرهەنگەکانیان گەیشتووەتە (١٥٠٠) فەرهەنگ (عەزیز، ٢٠٠٥ : ٤٨٧).

ئێمەی کوردیش ((لە لایەنی فەرهەنگ نووسینەوە دواکەوتووین و ژمارەی فەرهەنگەکانمان لەوانەیە لە (٢٠٠ ــ ٣٠٠) تێپەڕ نەکات)) (تاهیر:

٢٠١٢، ٢٠٥)، ئەو فەرهەنگانەش بە زۆری ئەوانەن، کە لە زمانێکی بیانییەوە بۆ کوردی، یان بە پێچەوانەوە دانراون، هەروەها زۆربەی هەرە زۆریشیان (ڕۆژهەڵاتناس، گەڕۆک و شارەزا) بیانییەکان، کە بۆ مەبەستی جۆراوجۆر هاتوونەتە وڵاتەکەمان، کە زۆرجار لە پاڵ کارەکەی خۆیاندا ئاوڕیان لە زمان داوەتەوە و، خزمەتێکیان کردووە، بۆیان نووسیوین، ئەگەرنا لەو سەردەمانەدا، ئەگەر ئەوان نەبوونایە، کورد نەک هەر نەیزانیوە، فەرهەنگ بنووسێت، بەڵکو بیریشی لێ نەکردووەتەوە! بە واتایەکی دیکە لەو سەردەمەی کورد خەریکی ڕاوەدونانی یەکدی و دژمنانی بووە، ئەوان هاتوون سەربارەی (ناخۆشی، ڕووتکردنەوە، ئازار، گرتن و کوشتن) قۆڵیان لێ هەڵماڵیوە و سەرمایەکی گەورەیان بۆ بەجێهێشتووین (عەزیز، ٢٠٠٥ : ٤٨٨)، لەگەڵ ئەوەی، ئەم فەرهەنگانەی ئەوانە بە پێی بنەما و میتۆدە زانستییەکانی فەرهەنگنووسی نەنووسراون و، چەندان کەموکورتیان تێدایە، بەڵام کار و بەرهەمەکانی ئەوان بوونەتە بنچینە و بناخەی فەرهەنگنووسی ئەم ساڵانەی دوایی و، لە ژێر ڕۆشنایی بەرهەمەکانی ئەواندا زمانەوانان و شارەزایانی کورد خەریکی تویژینەوە و فەرهەنگ دانان بوون، بە هۆیانەوە ژمارەیەک فەرهەنگی دیکەش دانراون، بەڵام بە سەرنجدانێکی خێرای ئەو فەرهەنگانە دەردەکەوێت، کە هێشتا لە ئاستی پێویستدا نین و دەروازەکانیان زۆر تەسکە، واتە: وەک پێویست زانیاری نادەن بە بەکارهێنەرانیان، ئەمەش بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە:

١.زۆرینەی فەرهەنگسازەکان کاریان لەسەر قەبارە و ژمارە کردووە، لە بری جۆر و چۆنیەتی فەرهەنگەکانیان.

٢.فەرهەنگساز کەڵک و سوود گەیاندنی زمانەوانی بە فێرخوازانی زمان و بەکارهێنەرانی فەرهەنگەکەی، بە ئەرکی سەرشانی خۆی نەزانیوە.

٣.فەرهەنگنووسەکان بە زۆری شارەزا و پسپۆڕی بە سەلیقەن، ئاگاداری زمانەوانی و بنامەکانی نین، کەم و زۆر کەڵکیان لە بنەما و ڕێبازە نوێیەکانی زمانەوانی وەرنەگرتووە.

٤.زۆر گرنگە فەرهەنگ لەسەر بنەمای ئەلفبێی فەرهەنگی بنووسرێت، بەڵام لە زۆربەی فەرهەنگە کوردییەکاندا بە تەواوەتی ڕەچاوی ئەلفبێی فەرهەنگی نەکراوە.

٥. لە فەرهەنگە کوردییەکاندا کۆدەنگی و یەک ڕایی لە بارەی ژمارەی

پیتەکانەوە نییە، وێڕای ئەمەش فەرهەنگسازەکان لەسەر ڕیزبەندیی پیتەکان کۆک نین، لە بەراوردکردنی فەرهەنگەکاندا پاش و پێشکردن بەرچاو دەکەوێت. (مەعروف، ٢٠٠١ : ١٦٨ــ ١٦٩) ، (ناوخۆش + ئەوانی دیکە، ٢٠٠٩ : ١٠٥ــ ١٠٦)

هەروەها پێویستە ئەوەشمان بیرنەچێت، ئەو فەرهەنگانەی لە کۆندا لە لایەن دڵسۆزان و دۆستانی کوردەوە، یاخود شارەزایان و نووسەرانی کوردەوە بڵاوکراونەتەوە، پتر لەوانەن، ((فەرهەنگی کوردیی ـ کوردیی نەبوون، بەڵکوو، فەرهەنگێکی تێکەڵاوی کوردیی و یەکێ لە زمانەکانی دیکەی بیانیی بوون. چونکە فەرهەنگی کوردیی ئەوەیە، لە کوردییەوە بۆ زمانێکی دیکە بنووسرێ. بۆیە، ئەو فەرهەنگانەی لە زمانێکی دیکەوە بۆ کوردیی نووسراون پتر لەسەر فەرهەنگی ئەو زمانانە دەژمێررێن.)) (عەزیز، ٢٠٠٥ : ٤٨٨)، بەڵام ئەوەی جێگەی دڵخۆشی بێت لەم سەردەمەدا کاری فەرهەنگنووسینی کوردی، هەنگاوی نوێی ناوە، بۆیە لە ئێستادا چەندین فەرهەنگۆک و فەرهەنگ هەن، چ لە کوردییەوە بۆ زمانە بیانییەکانی دیکەوە بێت، یا لە زمانە بیانییەکانەوە بۆ زمانی کوردی، بەڵام هێشتا لە ئاستی چاوەڕوانی و پڕکردنەوەی کەلێنی ئەو بوارەدا نین، بایی هێندە نین، کە پێویستی خوێنەران و توێژەران پڕبکەنەوە، بەڵام هەمیشە جێگەی ڕێزن، چونکە بنچینەیان داناوە، بۆ داهاتووی فەرهەنگسازیی کوردیش کەڵکی گەورەیان دەبێت.

لایەنێکی دیکەی فەرهەنگسازیی کوردی، کە وەکو کێشە ڕووبەڕوومان بووەتەوە، ئەوەیە وەکو نەتەوەکانی دیکە فەرهەنگێکی سەرتاسەری و نەتەوەیی یەکگرتوومان نییە، تاوەکو وشەی هەموو زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی لەخۆ بگرێت و، ببێتە بناخەی زمانی یەکگرتووی کوردان، چونکە ئەگەر دانانی فەرهەنگی سەرتاسەری بۆ نەتەوەکانی جیهان کارێکی ئاسان بێت، ئەوا بۆ کورد کارێکی یەکجار قورسە، دیارە ئەمەش بۆ بارودۆخی تایبەتیی کورد و کوردستان دەگەڕێتەوە.

لێرەدا بە پێویستی دەزانین، ئەوە بڵێین: هەموو ئەو کەموکورتی و ناتەواییانەی لە فەرهەنگنووسی کوردیدا هەن، بە واتایەکی دیکە هەژاری فەرهەنگسازیی کوردی بە شێوەیەکی بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێنەوە، لەوانە:

١. فەرهەنگەکانمان بەرهەمی تاکە کەسین، نەک دەزگا و ناوەندێکی تایبەت، یاخود زانکۆیەک، هاوشێوەی وڵاتان، نموونەی (ئۆکسفۆرد)ی ئینگلیزی، کە

بەرهەمـی زانکـۆی ئۆکسـفۆرڕدە، هەمـوو سـاڵێک لە لایەن لیژنەیەکـی تـایبەتی زانکـۆکەوە، ئەو وشـە نوێیـانەی کە بە هـۆی گـۆڕینی زمـانەوە پەیـدا دەبـن و لە لایەن کـۆمەڵە کەس و نوسـەرێکەوە بەکـاردێن دەخـرێنە دەنگدانەوە بە مەبەسـتی هەڵسەنگاندن و تۆمارکردنیان لە چاپی نوێی فەرهەنگەکەدا.

٢. وێـڕای نەبـوونی دەزگـا و نێوەنـدیی ئەکـادیمی بـۆ دانـانی فەرهەنـگە جۆربەجۆرەکـان و، پێگەیانـدنی کەسـانی پسـپۆڕ و ئەکـادیمی بـۆ ئەو کـارە، نەبـوونی هۆشـیاری تەواو و خەمخـۆری بەرانـبەر بە زمـانی کـوردی، هۆکـارێکی دیـکەی لاوازی فەرهەنگسـازیی کـوردییە، هەروەهـا ئەو شـارەزا و کەسانەشـی هەمـانن، ڕوونـاکبیرێکی کـارامە و لێهـاتوو نـین، لە بـری ئەوەی بەرژەوەنـدیی زمانی کوردی بخەنە پێش هەموو شتێکەوە و، هەمـوو پێکەوە کاربکەن، بەڵام بە داخەوە لە نێو خۆیاندا کۆک و تەبا نین و گیانی هاوکارییان تێدا نییە.

٣. زۆری زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی، کە کۆکردنەوەی وشـە و زاراوەی سـەرجەمیان لە توانسـتی ئەو کەسـانەدا نەبـووە، چـونکە ئەم کـارە لە کـاتێکی دیاریکراودا ناکرێت، هەروەها پێویستی بە ماوەیەکی درێژ و خەرجی هەیە.

٤. نەبـوونی حکـومەتێکی ناوەنـدی یەکگرتـوو، کە دەسـتەڵاتی تەواوی بەسـەر سـنووری کوردسـتاندا هەبێت، لەگەڵ داگیرکـردن و دابەشـکردنی کوردسـتان بە درێژایی مێژوو، کە تا ئەمڕۆکەش بەردەوامە.

٥. بێگومـان فـاکتەری جـوگرافی، کە پێوەنـدیی بە تۆپۆگرافیـای وڵاتەکەمـانەوە لە ڕووی چـۆنیەتی دابەشـبوونی پێکهـاتەی خـاکەکەیەوە هەیە، لەگەڵ بـاری دواکەوتـوویی کـۆمەڵایەتی و کەلتـوری و ئـابوری و ...تـاد. کـاریگەریی خۆیـان هەبووە.

هەر چۆنێک بێت، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە، حکومەتی هەرێم و شـارەزایان و توێژەرانی کورد، چاکی مەردایەتی لێ هەڵماڵن و، دوو هەنگاوی گرنگ بنێن:

**هەنگـاوی یەکەم:** هەمـوو ئەو فەرهەنگـۆک و فەرهەنگـانەی لە کـۆنەوە تـا ئەمـڕۆ دانـراون و، بـوون بە گەنجینەیەکـی گرنـگ و لە بـن نەهـاتووی نەتەوەکەمـان، پێویسـتیان بە پێداچوونەوە هەیە، بە واتـایەکی دیکە واپێویسـت دەکـات جـارێکی دیکە بە چاوی ڕەخنە ئەو فەرهەنگانە بخـوێنینەوە و شـلۆڤەیان بکەیـن، بۆ ئەوەی لایەنـی ناتەواوییـان دیـاری بکەیـن و، سـەرلەنوێ لەسـەر ڕێبـازێکی زانسـتییانە ڕێکیانبخەینەوە و هەڵەکانیان ڕاست بکەینەوە.

**هەنگــاوی دووەم:** هانـدانی نووسـین و تـوێژینەوە دەربـارەی بنەمـا و تیـۆرە تایبەتییەكانی فەرهەنگسازی، لەگەڵ كاركردن و گرنگیدان بە دانانی فەرهەنگ، بە پێی بنەما و میتۆدە نوێیەكانی فەرهەنگسازی، بە تایبەتیش فەرهەنگی (كوردی ـ كـوردی)ی سەرتاسـەری، لەگەڵ فەرهەنـگ بـۆ پسـپۆڕییە جۆراوجۆرەكـان و جۆرەكـانی دیـكەی فەرهەنـگ، بە تـایبەتیش فەرهەنگـی (ئیتمۆلـۆژی و ئینسایكلۆپیدیا).

دانانی فەرهەنگیش، تایبەت فەرهەنگی سەرتاسـەری و نەتەوەیـی، بێگومـان بە سیاسـەتی زمـان و پلانێكـی گونجـاوەوە بەنـدە، دەكرێـت پلانەكەشـمان، بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

١. دامەزراندنی بنكە و دامەزراوەیەكی تایبەت بە كاری فەرهەنگسازی.

٢. حكومەتی هەرێم بودجەی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بكات.

٣. ژمارەیەكی زۆر فەرهەنگمـان هەیە، كە لە لایەن كەسـانی دڵسـۆزەوە دانراون، دەكرێت سوود لەو دانە فەرهەنگییانە وەربگیرێت، كە تێیاندا تۆماركراون

٤. ڕاسـپاردنی خەڵكـی شـارەزا لە هەمـوو نـاوچە و پارچەكـانی كوردسـتان بـۆ ئەوەی وشە و زاراوەی هەموو زار و شێوەزارەكانی زمانی كوردی كۆبكەنەوە.

دوای ئەم هەنگاوانە پێویستە، لیژنەیەكی پسپۆڕی لە كۆمەڵێك كەسـی سـەر بە زار و شـێوەزارە جیاوازەكـانی كـوردی بـۆ یەكخسـتنی وشـەكان پێكبێـت، بـۆ ئەوەی وشە كۆكراوەكان بە پێی شێواز و ڕێبازێكی زانستی دابنرێن، بە جۆرێك گرنگی بە دەروازە فەرهەنگییەكـان بـدرێت، بـۆ نمـوونە: لە ڕووی فۆنۆلـۆژییەوە، پێویسـتە چـۆنیەتی گـۆكردنی وشـەكان بخـرێتەڕوو، هەروەهـا شـوێنی هێـز (stress)ی سـەرەكی وشـەكان دیـاری بكرێـت. لە ڕووی مۆرفۆلۆژیشـەوە، پێویسـتە بەشـە ئاخـاوتنی وشـەكان دیـاری بكرێـت، هەروەهـا گیرەكەكـانیش لە فەرهەنـگەكەدا شـوێنیان بـۆ بكرێتەوە و دەروازەی فەرهەنگیـان بـۆ دابنرێـت. لە ڕووی سینتاكسیشـەوە دەبێـت زانیـاری پێویسـتی وەك تێـپەڕی و تێـنەپەڕی كردارەكان... تاد. نیشان بدرێت. لە ڕووی واتاییشەوە، جگە لە واتـای فەرهەنگـی وشـەكان پێویسـتە زانیـاری لە بـارەی فرەواتـایی و هـاوبێژی و ... تـاد. بخـرێتەڕوو. هەروەهـا وشـە تابۆكـانیش، دەبێـت لە فەرهەنگـدا شـوێنیان بـۆ بكرێتەوە (فەتتاح، ٢٠٠١ : ١٦٩ – ١٧٩).

**چوارەم: لایەنی زمانی ستاندارد** (Standard Language Aspects)

نووسەران و توێژەرانی کورد لە بەرهەمەکانیاندا بە زمانی (یەکگرتوو، ئەدەبی، یەکگرتووی ئەدەبی، ئەدەبی یەکگرتوو، فەرمی، کارگێڕی، نەتەوەیی، ستاندارد و ستاندەر ...تاد.) ناویان بردووە، ئێمە لای خۆمانەوە جگە لە زاراوەی (ستاندارد) ئەوانی دیکە بە دروست و لەبار نازانین، پێمان وایە لە جێگەی خۆیاندا نین و بۆ جۆرەکانی دیکەی زمان گونجاون(٥)، بۆیە ئێمەش هەر زمانی ستاندارد بەکاردەهێنینەوە (عەلی، ٢٠٠٩ : ٣٩٩).

زمانی ستاندارد شێوەیەکە لە زمانی بالا، کە لە سەرووی شێوازی کۆمەڵایەتی و ناوچەیی جێگەی گرتووە و، بووەتە ئامراز و هۆکاری پێوەندیی کۆمەڵایەتی و زانستی و ئەدەبی کەسانێک، کە لەوانەیە لە کات و شوێنی تایبەتی خۆیدا بە شێواز و زمانی تایبەتی خۆیان بدوێن. هەر ئەو زمانەشە لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە و چاپەمەنییەکاندا بەکاردەهێنرێت، هەروەها بۆ فێرکردنی کەسانی بیانیش سوودی لێ وەردەگیرێت، چونکە خاوەنی بنەچە و بنەمای تایبەت بە خۆیەتی و ڕێزمان و ڕێنووسی یەکگرتووی هەیە (صادقی، ١٣٧٥ : ٢٩)، بە جۆرێکی دیکە دەتوانین بڵێین: شێوەی فەرمی زمانی وڵات و نەتەوەیەکە، کە لە ڕۆژنامە و چاپەمەنییەکاندا بەکاردێت و، لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا لە نێوەندە ئەکادیمییەکاندا پێی دەخوێنرێت، هەروەها خوێندەواران پێ دەئاخاڤن و لە میدیاکاندا بەکاردێت، سەرباری ئەوەی بۆ کاروبارە ئابوری و سیاسییەکانی وڵات و بەڵگەنامە فەرمییەکان بەکادەهێنرێت، بەو واتایەی ئەگەر شێوەیەک بوو بە بناخە بۆ نووسین و خوێندنەوە ئەوا دەبێتە زمانی ستاندارد.

هەر کاتێک میللەتێک لە ژێر دەستەیی ڕزگاری دەبێت، یا بەشێک لە مافە ڕۆشنبیری و نەتەوەییەکانی بە دەست دەهێنێت، ئەوا پێویستی بە دیاریکردنی زمانی ستاندارد دەبێت، چونکە هیچ گەل و نەتەوەیەکی ژێردەستە و ناسەروەر ناتوانێت لە هەوڵی بنیادنانی زمانێکی ستانداردا بێت، ئەم دیاریکردنەش لە ڕێگەی ستانداردکردنەوە دەبێت، بۆیە مەبەست لە ستانداردکردن ئەو پرۆسەیەیە، کە زمانێک یا دیالێکتێکی تێدا بە ستاندارد و فەرمی دەکرێت و بە شێوەیەکی فەرمی لە لایەن قسەپێکەرانییەوە پەسەند دەکرێت، ئەوەش بە

---

(٥) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەو زاراوانە، بڕوانە:
✐ نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو (٢٠١٣) ، زمانی ستانداردی کوردی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی هێڤی ، هەولێر، ل ٦٤–٦٩).

بەرداکردنی بەرگێکی فەرمی و ڕێسا نەگۆڕەکانی دەبێت (Hangen، 1994 : 40).

بۆیە دەبێت ئەوەمان لە بیر بێت، کە هەموو زمان و زارێک لەبار و گونجاو نییە، تاکو ببێت بە زمانی ستاندارد، لەم بارەوە (هودسن) پێی وایە هەموو زمانێکی ستانداردی سەرکەوتوو و نموونەیی بەم چوار هەنگاوەدا تێپەڕ دەبێت:

١. هەڵبژاردن (Selection)
٢. ڕێکخستن (Codification)
٣. درێژەپێدان (Elaboration of function)
٤. قبوڵکردن (Acceptance)
(Hudson، 1996 : 32- 33)

کەواتە هەڵبژاردنی زمانێک یا زارێک یاخود شێوەزارێک بۆ ئەوەی ببێتە زمانی ستاندارد پێویستی بە چەند بنەما و خاسیەتێک هەیە، لە گرنگترینیان:

١. کەمترین کێشەی هەبێت، بەو واتایەی توانستی زمانەکە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەو ئەرکانەی پێی دەسپێردرێت لەبەرچاو بگیرێت.

٢. هەروەها خاوەنی شکۆ بێت، تا تاکەکانی کۆمەڵگا لە بەکارهێنانی شانازی بکەن، کە ئەمەش ڕێژەی دان پێدانان بە زمانەکە دەگرێتەوە.

٣. پاشخانی ڕۆشنبیری، واتە لایەنی دەوڵەمەندی زار یان زمانەکە لە ڕوی ئەدەبیات و زمانی نوسینەوە گرنگی خۆیان دەبێت.

٤. ناوچەی جوگرافی زمان یا زارەکە و ڕێژەی قسەپێکەرانی کاریگەریی خۆیان لە پرۆسەی بە ستانداردکردندا هەیە.

٥. ئاستی ڕۆشنبیری و باری کۆمەڵایەتی ئاخێوەرانیش ڕۆڵیان هەیە.

دیارە کێشەی ئێمە هەڵبژاردنی زمان نییە بۆ ئەوەی ببێتە زمانی ستاندارد، بەڵکو هەڵبژاردنی زارە، واتە کام زار بکەین بە زمانی ستاندارد؟

بە بۆچوونی ئێمە لەم قۆناغەدا، کە باس لە زمانی ستاندارد دەکەین، دەبێت دوو لایەن لە یەکدی جیابکەینەوە، ئەوانیش کوردستانی گەورە و هەرێمی کوردستانە، چونکە لە هەرێمی کوردستاندا کورد حکومەت و پەرلەمان و سەرۆکایەتی خۆی هەیە، زمانی ستاندارد و کارگێڕیش زۆرتر بە حکومەت و دەستەڵاتەوە بەستراوەتەوە، چونکە لە لایەکەوە حکومەت دامودەزگای تایبەت بە خۆی هەیە، دەتوانێت لە ڕێگەیانەوە خزمەتی زمان بکات، لە لایەکی دیکەشەوە

بـۆ ڕاییکردنـی کاروبارەکانیـان تـایبەت لە پرۆسـەی پەروەردە و فێرکردنـدا ئەم زمانە پێویستییەکی سەرەکی دەبێت.

بـۆیە لەم قۆنـاغەدا دانـانی زمـانی سـتاندارد بـۆ کـوردی هەمـوو پارچەکـان کارێکی ئەستەمە، چونکە لە دەسـتوری دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا ددان بە کورد وەک نەتەوە و زمانی کوردی نەنراوە، تەنانەت خزمەمەتکردنی زمـانی کوردیش بە تاوانباری دەژمێررێت (نەبەز، ١٩٧٦ : ١٤).

لە بـارەی زمـانی ستانداردیشـەوە لە هەرێمـی کوردسـتان، ئەوا دوو زاری سـەرەکی (کرمـانجیی ژووروو و نێوەڕاسـت) لێـیە، هەریەک بە بیـانوویەک دەیەوێـت زارەکەی خـۆی بکـاتە زمـانی سـتاندارد و بەڵـگە بـۆ سـەرکەوتنی دەهێنێـتەوە، بەڵام ئـێمە پێمـان وایە، کە زاری کرمـانجیی نێوەڕاسـت زمـانی هـاوبەش و سـتانداردە، چـونکە ئەم زارە لە ڕووی مێـژووییەوە بەشـێک لە قۆناغەکـان بە سـتانداردبوونی بڕیـوە، بە جۆرێـک نـزیکەی سـەدەیەکە بەو زمـانە کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار بڵاودەبێتەوە و زمانی خوێندنی قۆنـاغە جیا جیایەکانە، تەنـانەت بـابەتە زانسـتییەکانی، وەک: کیمیـا و فیزیـا و زینـدەوەرزانی و بیرکـاری ...تـاد. هەر بەم زمـانە بە کـوردی کـراون، ئەگەر بەراوردی پاشـخانی زاری کرمـانجیی ژووروو و نێوەڕاست بکەین، بە نموونە لە سـاڵی (١٩٢٠ تـاکو سـاڵی ١٩٨٥)، ئەوا بەم شێوەیە بووە:

| کتێب بە زاری | ژمارەی چاپکراو |
| --- | --- |
| کرمانجیی نێوەڕاست | ١٠٨١ |
| کرمانجیی ژووروو | ٢٦ |

(تۆفیق، ٢٠٠٧ : ٥٤)

بە سـەرنجدانمان لە نووسـینی سـەر بەڵگەنـامە فەرمییەکـان (پاسـپۆرت، دراو، مۆڵەتی شۆفێری) ئەوا بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێت لە حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق، تـا ئەمـرۆکە دەوڵەت ئەو زمـانەی بە زمـانی کـورد ناسـیوە (نـاوخۆش، ٢٠١٠ : ٦٨)، هەروەهـا لە سـەردەمی دەسـتەڵاتداریەتی (کۆماری کوردسـتان) و (حکومەتی شـێخ مەحمـود) (حکومەتی هەرێـم) هەر ئەم زارەی زمـانی کـوردی زمـانی کـارگێڕی بـووە، تەنـانەت لە بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی کوردیشـدا بـۆ ڕاییکردنـی کاروبارەکانیـان هەر ئەم زمـانە بەکارهـاتووە، ئەمە جـگە لە قوتابخـانەی شـیعری بابـان و کاریگەرییەکـانی،

هەروەها کردنەوەی بەشی (زمانی کوردی) لە زانکۆیەکانی کوردستان، کە بە گشتی تێیاندا بایەخ بە کرمانجیی نێوەڕاست دراوە، لەگەڵ بوونی دەیان پارت و ڕێکخراوی سیاسی و بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیری چالاک لە نێوچەکەدا (عەلی و حەمەئەمین، ٢٠٠٧ : ١٦ – ١٧).

بۆیە ئێمە پێمان وایە زمانی کوردی بۆ بە ستانداردبوون لە هەرێمی کوردستاندا جگە لە کێشەی زاراوە کێشەیەکی ئەوتۆی تێدا نییە، بەڵکو بووشە بە نیمچە ستانداردێکی کوردی، تەنیا بڕیارێکی سیاسی بوێرانە و چەند خزمەت و پێداویستییەکی دیکەی زمانەوانی ماوە، بۆ ئەوەی بە فەرمی ببێتە زمانی ستاندارد لەم بەشەی کوردستاندا.

**پێنجەم: پاککردنەوەی ژینگەی زمانی** (Clearing Linguistics Environment)

بوارێکی دیکە کە پێویستە بە پێی پلانی زمانی کاری لەسەر بکرێت، پاککردنەوە و پاک ڕاگرتنی ژینگەی زمانییە، چونکە کاتێک یەکێک سەردانی وڵاتێک دەکات، لەگەڵ دابەزینی لە فڕۆکەخانە، یان چوونە نێو سنووری ئەو وڵاتەوە لە ڕێگەی نووسراو و تابلۆی سەر شەقام و شوێنە گشتی و تایبەتییەکان لە بار و ئاسایشی زمانەکەیان تێ دەگات، کە چۆنە و لە چ ئاستێک دایە؟

ئەگەر سەیری ژینگەی زمانی وڵاتی خۆمان (هەرێمی کوردستان) بکەین، ئەوا دەبینین ژینگەی زمانیمان چەند خراپ و شێوێنراوە، بە جۆرێک بێ سەرەوبەرەیییەکی وا لەم ڕووەوە دەبینرێت، کە ڕەنگە لە کەم شوێنی دونیادا بەدی بکرێت، یان بەو چەشن و ڕادەیە بێت.

کاتێک بە شەقامەکانی هەرێمی کوردستاندا (بە نموونە هەولێری پایتەخت) گوزەردەکەین، لە تابلۆ و نووسینی سەر هۆتێل و مۆڵ و خواردنگە و یانە و شوێنە تایبەتییەکان ڕادەمێنین، ئەوا دەبینین، کە هەزاران ناونیشان بە زمانەکانی ئینگلیزی و تورکی نووسراون، وەک: نیو ستی، ئۆزاڵ ستی، هایپەر مارکێت، فاست فود، لەیالی بەغدا، ئەبو جاسم، تەخفیزات ... تاد. تەنانەت هەندێکیان بێ ئەوەی نووسینی کوردییان لەگەڵدا بێت، کە لە ڕووی زمانەوانییەوە ئەم دیاردەیە بە ڕوونی سیمای بێگانەبوون دەردەخات و، کاریگەریی نەرێنی و گەورەی دەبێت، ئەگەر هەنگاوی بە پەلەی بۆ نەنرێت.

ئەمە سەربارى ئەو ناونیشان و تابلۆیانەش، کە بە زمانی کوردی نووسراون، کە ((بە هۆی خەڵکی ناشیی و زمان نەزانەوە، گەلێک شێواون و بێ سەرەوبەرەیی یەکی زۆریان پێوە دیارە و، کار وابڕوات زمانەکە تەواو دەشێوێنن و لە پەل و پۆی دەخەن، چونکە بە وشەی ناقوڵا و ناحەز و نالەبار و تەعبیری ناکوردانە ئاخنراوە کە لەگەڵ ئاخاوتنی ڕەسەن و ڕەوان و هەستی زگماک و کوردانە و سەلیقەی خەڵک نایەنەوە...)) (سەید مینە، ٢٠٠٧ : ٧٤)، لە نموونەی ئەو هەڵە و هەڵەنگوتنانەش، وەکو:

ـ نەنووسینی فۆرفیمەکانی خستنەپاڵ، وەکو: (بانکی ناوەندی عێراق)، کە ڕاستییەکەی (بانکی ناوەندیی عێراق)ە.

- پاش و پێشختنی ڕیزبوونی کەرەستەکان، لە سۆنگەی وەرگێڕانی حەرفی یا هەڵەی زمانی عەرەبییەوە، وەکو: (سەمونخانەی قەلادزێی ئۆتۆماتیکی)، کە دەبێت بنووسرێت (سەمونخانەی ئۆتۆماتیکی قەلادزێ).

دیارە هۆی تێکچوون و بێ سەرەوبەرەیی ژینگەیی زمانی کوردی بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە، کە دەکرێت بە جێبەجێکردنی چەند هەنگاوێک لەگەڵیاندا، ببنە بەشێک لە ڕێگری لەو بێ سەرەوبەرەیییەی، کە لە ئەمڕۆی ژینگەی زمانی وڵاتەکەماندا هەیە، بەم شێوەیە:

١. یاسای زمانە فەرمییەکان تاکو ئێستاکە نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە، هەرچەندە یاسایەکە لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسندکراوە، بەڵام چالاک نییە، ئەگەرنا لەم یاسایەدا سزا بۆ هەر سەرپێچییەک، کە لە ڕووی زمانەوانییەوە دەکرێت دانراوە، یا هیچ نەبێت مۆڵەتی کارکردنیان پێ نادرێت، یاخود لێیان دەستێندرێتەوە.

٢. نەبوونی ڕێنووسێکی یەکگرتوو، هۆکارێکی دیکەی ڕێخۆشکەرە بۆ ئەوەی هەر کەس و لایەنێک بە ئارەزووی خۆی و بە ڕێنووسێکی هەڵە بنووسێت.

٣. نەبوونی دەزگای چاودێر و پێوەندیدار بەم بابەتەوە، کە دەکرێت بیر لەوە بکرێتەوە ((لێژنەی پسپۆڕ لە شارەوانییەکاندا هەبن و ئەمانە سەرۆککاری نووسین و تابلۆی سەر شەقام و بازارەکان بکەن)) (فەرەج، ٢٠١٤ : ٣١).

**ئەنجامەکان**

**ئەم توێژینەوەیە ئەم ئەنجامانەی خوارەوەی لێکەوتەوە:**

١. لە بنەڕەتدا سیاسەتی زمانی زیاتر کاری دەوڵەتە، بەڵام لە زۆر وڵاتدا پارتە سیاسییەکان لە بەرنامەی خۆیاندا باسیان کردووە، پاشانیش کە

دەستەڵاتیان گرتووەتە دەست ئەو سیاسەتەیان بە پێی پلانێکی دیاریکراو و درێژخایەن پێڕەو کردووە، بەڵام پارتە کوردییەکان لەم ڕووەوە، وەک پێویست کاریان نەکردووە.

٢. پلانسازیی زمان دەگونجێت فەرمی نەبێت، بەڵام دەبێت ڕێکخراو بێت، بەو واتایەی پێویستی بەوە هەیە، کە بە شێوەیەکی (ڕێکخراو، ڕەوا، هێمنانە، ژیرانە و گونجاو) مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و ئاراستە بکرێت.

٣. هەر کاتێک باس لە سیاسەتی زمانی و پلانسازیی زمانی کوردی دەکەین، پێویستە کوردستانی گەورە و هەرێمی کوردستان لێک جیابکەینەوە، چونکە لەم قۆناغەی ئێستادا ناتوانین زمانی ستاندارد و ئەلفبێ و ڕێنووسی یەکگرتوو و...تاد. بۆ ئەو پارچانەی کوردستان دابنێین، کە تاوەکو ئێستا لە ژێر دەستەڵاتی داگیرکەراندان و ئەو دەوڵەتانەش دانیان بە زمانی کوردی دانەناوە.

٤. لە هەرێمی کوردستاندا نیمچە زمانێکی ستاندارمان هەیە، ئەویش کرمانجیی نێوەڕاستە، کە تا ڕادەیەکی باش قۆناغەکانی بوون بە ستانداردی بڕیوە، تەنیا بڕیارێکی سیاسیی بوێرانەی دەوێت بۆ ئەوەی ببێتە زمانی ستاندارد لە هەرێمی کوردستاندا.

٥. لە هەرێمی کوردستاندا کێشەی ڕێنووس زۆرتر و گەورەترە بە بەراورد بە ئەلفبێ، ئەو کێشانەشی لە ڕووی ئەلفبێ و ڕێنووسەوە هەمانە، کێشەی گەورەنین و دەکرێت لە ڕێگەی سیاسەت و پلانی تایبەتییەوە چارەسەریان بکەین.

٦. بەشێکی زۆری ئەو بێ سەرەوبەرەییەی لە ڕووی زمانەوە لە هەرێمی کوردستاندا بەدی دەکرێت، بە چالاککردن و جێبەجێکردنی یاسای زمانە فەرمییەکان چارەسەر دەکرێن.

٧. لە پلانسازیی زمانیدا دەکرێت سوود لە بنەمای ئابوری وەربگرین و مەرجی بە زمانی کوردیی نووسین لەسەر ئەو کاڵا و بەرهەمانە دابنێین، کە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانەوە هاوردە دەکرێن، لەگەڵ هەر بەرهەمێکی خۆماڵیش کە هەناردەی دەرەوە دەکرێت.

٨. بارودۆخی تایبەتی کوردستان لە ڕووی سیاسی و پارچە پارچەبوونەوە وایکردووە، کێشەی زمانی کوردی لە زۆر زمانی دیکە ئاڵۆزتر بێت، ئەم ئاڵۆزی و ئاریشانەشی تەنیا لە ڕێگەی پلانسازیی زمانەوە، لەگەڵ

لەبەرچــــاوگرتنی بەرژەوەنـــدیی نەتەوەیـــی دوور لە هەمـــوو هەســـتێکی ناوچەگەری و دیالێکتچییەتی چارەسەر دەکرێن.

٩. داگیرکەرانی کوردستان سیاسەتی زمانکوژیان لە هەمبەر زمانی کوردی بەکارهێناوە، بۆیە پێویستە کورد بۆ ڕێگەگرتن لەو سیاسەتە شۆڤێنییانە سیاسەتێکی زمانی هەبێت، کە لە پلانێکی زمانی تۆکمەدا بەرجەستە کرابێت.

## سەرچاوەکان

### بە زمانی کوردی:


♦ ئەحـمەد زادە، هاشـم (٢٠١٢)، زمـان ئەدەب و ناسـنامە، دەزگـای چـاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.

♦ ئەمین، نوری عەلی (١٩٨٢)، گیروگرفتی نووسینی کوردی لە تای ترازووی پیتە بزوێن و نەبزوێندا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد، بەرگی نۆیەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد.

♦ ئەمـین، وریـا عـومەر (٢٠٠٩)، ئاسـۆیەکی تـری زمـانەوانی، بەرگـی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، کوردستان، هەولێر.

♦ البصیر، کامل حسن عزیز (١٩٧٨)، زاراوەی کوردی، کۆلێجی ئاداب، بەشی زمانی کوردی.

♦ تـاهیر، شـەهاب شـێخ تەیـب (٢٠١٢)، بنەمـا و پێکهـاتەی زاراوە لە زمـانی کوردیـدا، بەڕێـوەبەرایەتی چـاپ و بڵاوکـردنەوەی سـلێمانی، چاپخـانەی کەمـال، سلێمانی.

♦ تۆفیق، قەیس کاکل (٢٠٠٧)، ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان (ڕوانینێک)، لە بڵاوکراوەکـانی دەزگـای تـوێژینەوە و بڵاوکـردنەوەی موکریـانی، چـاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.

♦ حـاجی مـارف، ئەوڕەحمـان (١٩٨٢)، گیروگرفتەکـانی ڕێنووسـی کـوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد، بەرگی نۆیەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد.

♦ ـــــــــــــ (٢٠٠٤)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی (کوردی ـ عەرەبی ـ ئینگلیزی)، سلێمانی.

♦ خۆشحاڵی، بێهزاد (٢٠٠٨)، فیلۆلۆجیای زوانی کوردی و مێژووی کوردستان، چاپخانەی خانی، دهۆک.

♦ خۆشناو، نەریمان عەبدوڵڵا(٢٠١٣)، زمانی ستانداردی کوردی، چاپی یەکەم،

چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

◆ دزەیی، عەبدولواحید موشیر (٢٠١١)، لێکسیکۆلۆجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر.

◆ دزەیی، عەبدولواحید موشیر + محەمەد، دانا تەحسین + صالح، دەرون عەبدولڕەحمان (٢٠١٣)، فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، هەولێر.

◆ ڕەسوڵ، سوداد (٢٠١٠)، جووت ستانداردەکەی ئەمیری حەسەنپور و ئەفسانەکەی، هەفتەنامەی هەولێر، ژمارە (٤١)ی تەمموز.

◆ ـــــــــ (٢٠١٢)، پرسی ئەلفوبێی کوردی لە هەردوو کۆنفرانسی زمانی کوردی، گۆڤاری زمانناسی، ژمارە (١٤)، هەولێر.

◆ ڕەسوڵ، عەبدوڵڵا حوسێن (٢٠٠٤)، چەند پیتێکی کێشەدار لە نووسینی کوردیدا، گۆڤارا زانکۆیا دهۆک، پەڕبەندا (٧)، هژمارا (١).

◆ ـــــــــ (٢٠١١)، بە کام ئەلفوبێ بنووسین؟ ــ لێکۆڵینەوەیەکی دەنگسازییە، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٢٠)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

◆ زەبێحی، عەبدوڕەحمانی (١٣٦٧)، قاموسی زبانی کوردی، چاپی دووەم، انتشاراتی سەڵاحەددینی ئەیوبی، ورمێ.

◆ سابیر، ڕەفیق (٢٠٠٨)، بە ستانداردکردنی زمانی کوردی و ئەلفوبێی کوردی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی.

◆ سەید مینە، مستەفا (٢٠٠٧)، با چیدی زمانەکەمان نەشێوێ!، گۆڤاری پێشکەوتن، ژمارە (١٤٨)ی بەهار، چاپخانەی منارە، هەولێر.

◆ شاکەلی، ئەمجەد (٢٠١١)، زمانی کوردی ــ ناسنامە و نیشتمانی کوردە، لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی کۆمەڵ، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

◆ عبدالله، ڕۆژان نوری (٢٠٠٧)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، چاپی یەکەم، سلێمانی.

◆ عەبدول، جەمال (٢٠٠٨)، بەرکولێکی زاراوەسازیی کوردی، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٤٥)، دووەم چاپ، چاپخانەی خانی، دهۆک.

◆ عەزیز، حوسێن محەمەد (٢٠٠٥)، سەلیقەی زمانەوانی و گرفتەکانی زمانی کوردیی (لێکۆڵینەوە و ڕەخنە)، چاپی دووەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

◆ عەلی، بەکر عومەر + ئەحمەد، تریفە عومەر (٢٠٠٥)، فۆنیمی (و)ی درێژ لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (١٥)ی شوباتی ٢٠٠٥.

◆ عەلی، بەکر عومەر + حەمەئەمین، شێرکۆ (٢٠٠٧)، زار و شێوەزار، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

♦ عەلی، بەكر عومەر (٢٠٠٩)، ڕێنووسی كوردی و زمانی ستاندەر، گۆڤاری (الاستاذ)، كۆلێژی پەروەردەی (ئیبن ڕووشد)ی زانكۆی بەغدا، ژمارە (٨٨).

♦ ———————— (٢٠١٤)، چەند لایەنێكی زمانەوانی، لە بڵاوكراوەكانی ناوەندی ئاوێر، چاپی یەكەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

♦ غەریب، كەمال جەلال (٢٠١٢)، پرۆژەی زاراوەی زانستیی كوردی، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

♦ فەتتاح، محەمەد مەعروف (١٩٨٢)، ڕێنووسی كوردی لە ڕوانگەی فۆنەتیكەوە، گۆڤاری كۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی كورد، بەرگی نۆیەم، چاپخانەی كۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد.

♦ ———————— (٢٠٠١) زمانەوانی فەرهەنگسازی و دەوڵەمەندكردنی دەروازە فەرهەنگییەكان، گۆڤاری نووسەری نوێ، ژمارە (١٩)، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

♦ فەرەج، هۆگر مەحموود (٢٠١٤)، نەتەوەی كورد و هێڵە تەریبییەكان ی زمان و حكومەت، گۆڤاری زانكۆی ڕاپەڕین، ژمارە (٢)، چاپخانەی بینایی.

♦ ———————— (٢٠١٥)، چەند تێڕكێك بۆ ئەلفوبێ و ڕێنووس ی زمانی كوردی، گۆڤاری زانكۆی ڕاپەڕین، ژمارە (٤)، چاپخانەی حاجی هاشم.

♦ محەمەد، مەسعوود (٢٠١١)، زاراوەسازیی پێوانە، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

♦ مەحوی، محەمەد (٢٠٠١)، وشەنامە و فەرهەنگ، گۆڤاری نووسەری نوێ، ژمارە (١٩)، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر

♦ میراودەلی، كەمال (٢٠٠٧)، فەرهەنگی ڕێزمانی كوردی، لە بڵاوكراوەكانی مەڵبەندی كوردۆلۆجی، چاپی یەكەم، سلێمانی.

♦ ناوخۆش، سەلام + خۆشناو، نەریمان عەبدوڵڵا + عەبدوڵڵا، ئیدریس (٢٠٠٩)، كوردۆلۆجی، بۆ قۆناغی یەكەمی زانكۆ و پەیمانگاكانی هەرێمی كوردستان، چاپی یەكەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.

♦ ناوخۆش، سەلام (٢٠١٠)، ستاندەربوونی زمانی كوردی لە نێوان زمانی سیاسەت و سیاسەتی زمان، ڕێكخراوی زمانناسی، چاپی یەكەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.

♦ نەبەز، جەمال (١٩٧٦)، زمانی یەكگرتووی كوردی، بڵاوكراوەی یەكێتی نەتەوەیی خوێندكارانی كورد لە ئەوروپا، بامبێرگ.

♦ وەیس، غازی فاتح (١٩٨٤)، فۆنەتیك، چاپخانەی ادیب، بەغداد.

♦ هەژار (١٣٦٩)، هەنبانە بۆرینە/ فرهنگ كوردی ـ فارسی، یک جلدی، چاپ اول، سروش، تهران

◆ یەعقوبی، عەبدولخالق (٢٠٠٨)، لە كولتووورەوە بۆ ئەدەبیات، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، هەولێر.

## بە زمانی عەرەبی:

◆ أوستلر، نيقولاس (٢٠١١)، امبراطوريات الكلمة ـ تأريخ للغات فى العالم، ترجمة: محمد توفيق البجيرمى، دار الكتاب العربى، بيروت.

◆ بوطاجين، السعيد (٢٠٠٩)، الترجمة والمصطلح، الدار العربية للعلوم ناشرون، بيروت.

◆ الخولى، محمد على (١٩٨٦)، معجم علم اللغة التطبيقى، الطبعة الاولى، مكتبة لبنان.

◆ غارمادى، جوليت (١٩٩٠)، اللسانة الاجتماعية، ترجمة: خليل أحمد خليل، دار الطليعة، بيروت.

◆ كالفى، لويس جان (٢٠٠٩)، السياسات اللغوى، ترجمة محمد يحياتن، المنظمة العربية للترجمة، بيروت.

◆ كولماس، فلوريان (٢٠٠٩)، دليل السوسيولسانيات، ترجمة: خالد الاشهب و ماجيدولين النهيبى، المنظمة العربية للترجمة، بيروت.

◆ لويس جان (٢٠٠٨)، حرب اللغات والسياسات اللغوية، ترجمة: حسن حمزة، المنظمة العربية للترجمة، بيروت.

◆ هارمان، هارالد (٢٠٠٦)، تأريخ اللغات ومستقبلها، ترجمة: سامى شمعون، الدوحة.

## بە زمانی ئینگلیزی:

◆ Dickens، M. Soviet Language Policy in Central Asia، (http://www.oxuscom.com/lang-policy.htm) [ئەم كتێبە، تەنیا بە شێوەی ئۆنلاین لەم وێبگەوە هەیە]

◆ Hangen، E. (1994)، standardization the encyclopedia of language and linguistics، Great Britain.

◆ Hassn pour، A. (1992)، Nationalism and Language in Kurdistan 1918 – 1985، P.H.D.، Mellen Research University press، San Francisco.

◆ Hudson، R. A. (1996)، Sociolinguistics، Second edition، Cambridge University press.

## بە زمانی فارسی:

◆ سارلی، ناصر قلی (١٣٨٧)، زبان فارسی معیار، انتشارات هرمس، چاپ اول، تهران.

◆ صادقی، علی اشرف (١٣٧٥)، زبان معیار ـ درباره زبان فارسی، زیر نظر نصرالله پور جوادی، تهران، مرکز نشر دانشگاهی.

## الخلاصة

للبحث عن سياسة وتخطيط اللغة له أهمية وقيمة علمية، لا سيما لشعب مقسم ومستعمَر كالكورد، لأنّ من أهم عوامل بقاء الشعب كانت لغته، لهذا جاء البحث تحت عنوان (الكورد وتخطيط اللغة).

في هذا البحث ألقي الضوء على سياسة وتخطيط اللغة، مع العرض والحديث عن مشاكل اللغة الكوردية، وبالأخص في إقليم كوردستان العراق، لأن هذا الجزء من كوردستان له واقع تاريخي وسياسي أكثر تلائما وتناسبا من سائر أجزائه.

والبحث فضلا من مقدمة ومدخل ــ الذي يعد بمثابة تمهيد وبداية للولوج في الموضوع ــ يتكون من المبحثين:

المبحث الأول: تناول الجانب النظري من الموضوع، بأن يتحدث عن مفهوم سياسة وتخطيط اللغة، فضلا عن تاريخ ومبادئ وأنواع وأسباب وعوامل تنجيح تخطيط اللغة.

المبحث الثاني: تناول الجانب التطبيقي، ويبحث - وفق التخطيط اللغوي - أهداف التخطيط اللغوي ومعالجة معضلات اللغة الكوردية من حيث الألفبائية والمعجم والمصطلح واللغة الموحدة وتطهير البيئة اللغوية.

## Abstract

The research about language planning and language policy is significant and has got its own value، especially for a divided and occupied nation like Kurds because the most important factor to keep this nation alive was its language. This paper is entitled (The Kurds and Language planning)، focuses on language policy and language planning. Moreover it discusses some of Kurdish language's problems particularly in Kurdistan region-Iraq because of its proper political and historical milieu.

This research apart from a preface which is an introduction of the topic، it is divided into two sections.

First Section: demonstrates the theoretical side of the subject. In this section the political concept of language، language plan، history، the principles، the types، and the language successes factors are investigated.

Second Section: This section is practical. In this part the purposes of language planning and the solution of Kurdish language problems such as alphabet، lexicon، terminology، standard language and clearing linguistic environment according to language planning are discussed.